دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧٠٨،چوارشەممە ١٥ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی، ٦ی سێپتامبری ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی جێژنی قوربان

مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی جێژنی قوربانەوە پەیامێکی پیرۆزبایی پێشکەش بە هەموو موسوڵمانان، بەتایبەت موسوڵمانەکانی کوردستانی خۆرهەڵات کرد.

دەقی پەیامەکە:

پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مستەفا هیجری بە بۆنەی جێژنی قوربانەوە

بە بۆنەی جێژنی پیرۆزی قوربانەوە، پیرۆزبایی گەرمی خۆم پێشکەش بە خوشك و برا کوردە موسوڵمانەکانمان لە هەموو کوردستان بە تایبەت، لە خۆرهەڵاتی کوردستان دەکەم. لەوەش زیاتر پیرۆزبایی لە بنەماڵەی شەهیدان دەکەم، ئەو شەهیدانەی لە پێناو ماف و ئازادی نەتەوەکەیان لە هەموو بەشەکانی کوردستان گیانی خۆیان کردوەتە قوربانی، هەروەها لە زیندانیانی سیاسی کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدان.

ئاواتەخوازم هەموو رۆژی ژیانتان پڕ بێ لە جێژن و خۆشی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی

مستەفا هیجری

٩ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی

دەوڵەتی موازی؛ کاریگەرترین پیلانی ڕێژیم... ٤



توتالیتاریزم و کۆمەڵگا ٦



کرماشان، لانکەی کولتوور ... ٨



کاوە بەهرامی: ڕاسان هێمای خەباتی ڕۆژهەڵاتە و... ١٠



# شار ئیرادەی خۆی سەلماند



سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٣ی خەرمانی دوو هاووڵاتیی کورد خەڵکی شاری بانە کە یەک لەوان دێهیاری گوندی هەنگەژاڵ بوو، لە سنووری هەنگەژاڵ بە ناوەکانی "خدر بەهرامی" تەمەن ٤٥ ساڵ و "حەیدەر فەرەجی" تەمەن ٢١ ساڵ بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران گیانیان لە دەست دا.

ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەیکە بنەماڵەی ئەو دوو کۆڵبەرە کوژراوە پێش لە ناشتنی تەرمی ئازیزانیان بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین بەگیان لە دەستدانی کەس و کاریان لە بەر دەرگای فەرمانداری شاری بانە کۆببنەوەو نارەزایەتی لە هەمبەر ئەو کردەوەیە دەرببڕن و داوای سزادانی بکەرانی ئەو تاوانە نامرۆڤانە بکەن و هەروەها فەرمانداری شاری بانەشیان بە هۆکاری سەرەکیی تەقە کردن لە کۆڵبەران زانی.

"محەممەد فەلاحی" فەرمانداری شاری بانە بۆ خۆدەرباز کردن و سزانەدانی بکەرانی کوشتنی ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە، ئیدارەی فەرمانداری شاری بانەی داخست و چالاکانی مەدەنی وفەرهەنگی ئەو شارە لە بەیاننامەیەکدا لە هەمبەر کردەوەی فەرماندار و هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، داوای مانگرتنی سەرتاسەری لە شاری بانەیان کرد.

ڕۆژی ١٤ی خەرمانان، هاووڵاتییانی شاری بانە بە داخستنی دوکان و بازاڕی ئەو شارە پشتیوانی خۆیان لە داخوازی چالاکانی مەدەنی و بنەماڵەی کوژراوەکان دەربڕی.

ئەو کۆبوونەوە نارەزایەتییە، بە دەستێوەردانی گاردی تایبەتیی ڕێژیم لەگەڵ توندوتیژی بەرەڕوو بوویەوە و هێزەکانی گاردی تایبەت بە کەڵک وەرگرتن لە گازی فرمێسکڕێژ هەوڵی بڵاوەپێکردنی نارازییەکانیان دا.

ڕووداوی کوژرانی دوو کۆڵبەری کورد لە نێو هاووڵاتییانی کوردستان و چالاکانی مەدەنی و کەسایەتییە ئایینەکان نارەزایەتی بەرینی لێکەوتەوە و ئەم توێژانە پشتیوانی خۆیان لە بنەماڵەی کوژراوەکان و خەڵکی شاری بانە دەربڕی.

هەروەها زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەنجومەن و سەندیکاکانی کوردستان، لەوانەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، یەکیەتی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران بەدەرکردنی ڕاگەیەندراو پشتیوانی خۆیان لە خەڵکی نارازی شاری بانە دەربڕی و دەنگی خۆیان خستە پاڵ هاواری شار.

لەمبارەوە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دووتوێی ڕاگەیەندراوێکدا سەبارەت بە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی شاری بانەوێڕای بەرزنرخاندنی هەڵوێستی ئازایانەی خەڵکی شاری بانە و دەوروبەری داوای هاوهەڵوێستی لە کۆمەڵانی خەلکی کوردستان کرد.

لە بەشێک لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: سەرکوت و کوشتاری سیستماتیک وبە بەرنامەی کاسبکارانی شار وگوندە سنووری یەکانی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە،بە درێژایی چەند دەیەی رابردوو بەشێکی دانەبڕاوە بووە لە سیاسەتی ئەم ڕێژیمە وڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەستێنێ و گیانی خەڵکی زەحمەتکێش و کاسبکاری کردووەتە ئامانج.

لە درێژەشدا هاتووە: وێڕای مەحکووم کردنی کردەوە دژی گەلیەکانی ڕێژیم لە کوردستان بەرامبەر بە کاسب کارانی کورد، ئەم حەرەکەتە ئازایانەیەی ئەمڕۆ و دوێنێ خەڵکی بەهەڵوێستی شاری بانە و دەوروبەری بەرز دەنرخێنن، داواکارین سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان، یەکڕیز و هاوهەڵوێست دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ حەرەکەتی لەم چەشنە و بە هاوخەباتی و یەکگرتوویەکی زیاترەوە بەرەنگاری کردار و سیاسەتی سەرکوتکارانەی ڕێژیم ببنەوە.

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەشدا هاتووە: پشتیوانی خۆمان بۆ ئەم حەرەکەتە بوێرانە و شۆڕشگێڕانەیەی خەڵکی شاری بانە و دەوروبەری ڕادەگەیەنین ،حەرەکەتێک کە بە هێمای گرێدانی خەباتی شار وشاخ ئەژمار دەکرێ.

هەروەها چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگی شاری مەریوان لەو پەیوەندییەدا بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک پشتیوانی خۆیان لە مانگرتووان و بنەماڵەی کوژراوەکانی شاری بانە دەربڕی.

نارەزایەتی و مانگرتنی خەڵکی شاری بانە بووە هۆی ئەوە هێزە ئەمنیەتییەکان و سپای پاسداران لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و شاری بانە لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بن؛ بەپێی دوایین هەواڵ و زانیارییەکان ڕێژیم لە شارەکانی نیزیک لە بانە بەتایبەت سەقز و سەردەشت حاڵەتی ئامادەباشی تەواوی ڕاگەیاندووە و لە شاری سنە و سەقزەوە سپای ڕێژیم ئامادەباشی بە هێزە هەوایی و زەوینییەکانی داوە و بەشێک لە چەکدارەکانیشی وێڕای کۆمەڵێکی بەرچاو لە کەرەستەی نیزامی بۆ سەرکوتی زیاتر لە شاری بانە بە ئۆتوبووس ڕەوانەی بانە کردووە.

هەر لەوە پەیوندییەدا، هێزەکانی سپای پاسداران لە شاری بانە ژمارەیەک لە هاووڵاتییانی نارازی بەشدار لە ڕێپێوانەکەیان دەستبەسەر و لە گەڵ خۆیان بۆ ناوندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لەو شارە بردووە.

## پەیڤ

### شار جمەی دێ

**کەریم پەروزی**

ڕۆژی ١٤ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی، ڕۆژی دەربڕینی رق و بێزاریی خەڵکی مافخوازی بانە دژ بە ستەم و بێداد و سووکایەتیی سیستماتیک بەرامبەر بە کورد لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی تارانەوە بوو. ڕۆژی پێشتر لە بەیانییەکی ڕوون و بە بەرچاوی هەتاوەوە هێزی چەکمەپۆشی پاسداری ڕێژیمی ستەمکار، تەقەیان لە کۆڵبەران کرد، ئەو کۆڵبەرانەی کە باریان پێ نەبوو و بە دەستی بەتاڵ، بێهیوا لە پاروە نانێک بۆ سفرەی منداڵەکانیان، دەگەڕانەوە ماڵەوە. دوو کۆڵبەر کوژران و پاسدارانی تێرۆریست خوێنیان بردنە سەر سفرەی منداڵەکانی ئەو کۆڵبەرانە.

ئەمە یەکەم سووکایەتی و ستەم نەبوو و دوایینیشیان نییە، بەڵام ستەمکارییەکە ئەوەندە ڕوون و ئاشکرا بوو کە خوێنی خەڵکی وەجۆش هێنا و لە کردەوەیەکی مەدەنی و ئاشتیخوازانەدا شاریان داخست و چوونە بەردەم فەرمانداری تاکوو داوای دادپەروەری بکەن.

بەڵام هەرجۆرە کردەوەیەکی جەماوەری و مافخوازانە، لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی تارانەوە وەکوو هەڕەشەیەک بۆسەر ئەمنیەتە لەرزۆکەکەی دەبیندرێ و هەر بۆیە دووبارە بە گوولە وەڵامی خەڵکی دایەوە. تاکوو ئێستا باس لە کوژران و بریندار بوونی نزیک بە بیست کەس لە خەڵکی بانە دەکرێ و ژمارەی دەسبەسەرکراوەکانیش ڕوون نیە.

ئەم هەڵوێستەی شاری بانە بە هەندێک دەسکاری و تۆزێک ئەملاوئەولا کردن، دەتوانین بە ڕۆحی زاڵ بە سەر شارەکانی کوردستاندا بناسێنین. بەو مانایە کە دۆخی کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابووری و کەشی ڕۆحیی کوردستان بە گشتی لە وەها ئاستێکیدایە.

لێرەوە بە گشتی دەڵێین، شار لە ئان وساتدایە بۆ دەربڕینی بێزاری بەرامبەر بە هەموو کردەوەکانی ڕێژیم و دەیهەوێ ئیرادەی خۆی بسەلمێنێ. شار ڕاناوەستێ و وەجووڵە کەوتووە و هەر ئان بە بریسکەیەک ڕەنگە بەتەواوی بتەقێتەوە، ئەویش لەخۆڕا نییە بەڵکوو رابردوویەکی لە خەباتی خۆی و ڕۆڵەکانی و سەدان سووکایەتیی ستەمکارانی ئەزموون کردووە و ئێستا ئیتر شار لە هەستانە سەرپێی ڕاساندایە.

لێرەدا دوو شت گرینگە:

یەکەم، شار هەڵدەستێتەوە و بۆ هەستانەوەش و سەرکەوتن، دەبێ ڕێکخەری و ڕێنوێنی بۆ دیاریکردنی ڕێچکەی گەیشتن بە کەناری ئازادیی هەبێ و شار خوازیارە کە ڕێکخراوە سیاسی و خەباتکارەکان ڕێنوێنی بن. لەم گواستنەوەی قۆناخی ڕاوەستان بەرەو هەستانەوەدا، گەر ڕێکخراوەکان

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی شاری بانە بڵاو کردەوە



سەبارەت بە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی شاری بانە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و تێیدا وێڕای بەرزنرخاندنی هەڵوێستی ئازایانەی خەڵکی شاری بانە و دەوروبەری داوای هاوهەڵوێستی لە کۆمەڵانی خەلکی کوردستان کرد.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

سەرکوت و کوشتاری سیستماتیک وبە بەرنامەی کاسبکارانی شار وگوندە سنووری یەکانی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە،بە درێژایی چەند دەیەی رابردوو بەشێکی دانەبڕاوە بووە لە سیاسەتی ئەم ڕێژیمە وڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەستێنێ و گیانی خەڵکی زەحمەتکێش و کاسبکاری کردووەتە ئامانج.

تەنیا لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا بە دەیان کاسب کار بوونەتە قوربانیی سیاسەتی سەرکوت وبە هەژاری هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.لە درێژەی رەوتی کوشتار و پەلاماردانی کاسبکارانی ناوچە سنووریەکانی کوردستان،ڕێکەوتی ١٣ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی ،دوو کاسبکار بە ناوەکانی قادر بارامی ،تەمەن ٤٥ ساڵە خەڵکی وزمەڵە و حەیدەر فەرەجی ،تەمەن ٢١ سالە خەڵکی گوندی شەشەی سەر بە شاری بانە گیانیان لێ ئەستێندرا.

بەرامبەر بەم تاوانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی بە هەڵوێست و وەزاڵەهاتووی شاری بانە و دەوروبەری کە پێشتریش بەرەنگاری زوڵم و زۆرداری و سەرکوتی هێزەکانی ڕێژیم بوونەتەوە،دژکردەوەیان لە خۆیان نیشان دا و رۆژی رابردوو و ئەمرۆ(١٣ و ١٤ی خەرمانان) نارەزایەتیی جەماوەریان ڕێکخست و لە کۆبوونەوەیەکی بەریندا وبە هەڵوێستێکی ئازایانە پۆپەی دەسەڵاتی ڕێژیمیان لە شاری بانە دایە بەر پەلامار و بنکەی فەرمانداریی شارەکەیان کردە ئامانج.لە لایەکی دیکەشەوە بە داخستنی دوکان وبازاڕ نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەم ڕووداوە دڵتەزێنە دەربڕی.

جێی ئاماژەیە کە شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و جەماوەری بوێری شارەکە تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راگەیەندراوە بەردەوامە .بە پێی زانیاریەکان ڕێژیمی هێزێکی زۆری لە شارەکانی دەوروبەری رەوانەی شارەکە کردووە وحکومەت نیزامی بە تەواوی زاڵە و ژمارەیەک لە خۆپیشاندەرانیش دەستگیر کراون.

وێڕای مەحکووم کردنی کردەوە دژی گەلیەکانی ڕێژیم لە کوردستان بەرامبەر بە کاسب کارانی کورد، ئەم حەرەکەتە ئازایانەیەی ئەمڕۆ و دوێنێ خەڵکی بەهەڵوێستی شاری بانە و دەوروبەری بەرز دەنرخێنن، داواکارین سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان، یەکڕیز و هاوهەڵوێست دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ حەرەکەتی لەم چەشنە و بە هاوخەباتی و یەکگرتوویەکی زیاترەوە بەرەنگاری کردار و سیاسەتی سەرکوتکارانەی ڕێژیم ببنەوە.

لە کۆتاییدا،پشتیوانی خۆمان بۆ ئەم حەرەکەتە بوێرانە و شۆڕشگێڕانەیەی خەڵکی شاری بانە و دەورووبەری رادەگەیەنین ،حەرەکەتێک کە بە هێمای گرێدانی خەباتی شار وشاخ ئەژمار دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

١٤ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی

## ئاگاداریی کۆمیسیۆنی سیاسی . نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیسیۆنی سیاسی . نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاگادارابیەک بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاو کردەوە.

دەقی ئاگادارییەکە:

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هەر وەک لە هەواڵەکاندا هاتووە ڕووداوێکی نەخوازراو لە نێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و دانیشتوانی گوندە ژوورە سەر بە شارۆچکەی چۆمان لە ناوچەی باڵەکایەتی لە باشووری کوردستان ڕووی‌دا کە بەداخەوە بو بە هۆی گیان لەدەستدانی دوو هاووڵاتی.

لەو پێوەندییەدا بە پێویستمان زانی هەموو لایەک ئاگادار بکەین کە لە ڕادەربڕینی بە پەلە لە دژی هیچ کەس و لایەنێک کە یارمەتی بە ئارامکردنەوەی دۆخەکە ناکا خۆ ببوێرن.

دیارە لە داهاتوودا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیە ڕێنوێنی پێویستتان پێ دەدرێ.

لەگەڵ سەرخۆشی لە بنەماڵەی قوربانیانی ئەم ڕووداوە نەخوازراوە داوای لەسەرخۆیی و دان بەخۆداگرتن لە هەموو لایەک دەکەین.

کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٣ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی

٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٧ی زایینی

## پێشمەرگەکانی شار، لە شاری سەقز کۆبوونەوەیان بۆ خەڵک گرت



پێشمەرگەکانی شار، لە شاری سەقز کۆبوونەوەیەکیان بۆ خەڵکی گەشتیارو ڕێبواری ناوچەکە پێك هێنا و وێڕای خوێندنەوەی وتارێک داوایان لە خەڵك کرد بە هەموو شێوەیەك پشتی "ڕاسان"ی ڕۆژهەڵات بگرن.

کاتژمێر ٤:٣٠ خولەکێکی دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٣ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی، لە نزێک گوندی "کانی نیاز" هەڵکەوتوو لە ٥ کیلۆمێتری شاری سەقز و لە نزیك جادەی ئەسڵی، پێشمەرگەکانی شاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەڵکردنی ئالایەکی کوردستان، کۆبوونەوەیەکیان بۆ خەڵکی گەشتیار و ڕێبواری ناوچەکە پێک هێنا و وێڕای خوێندنەوەی وتارێک داوایان لە خەڵك کرد بە هەموو شێوەیەك پشتی "ڕاسان"ی ڕۆژهەڵات بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بگرن و بۆ سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە پەیوەست بن بە ریزەکانی حیزبەوە.

پێوستە بگوترێ کە لە کاتی کۆبوونەوەکەدا خەڵکەکە بەردەوام لە زیاد بووندا بوون بە شێوەیەك کە لە کاتی وتارەکەدا دەیان کەس بەتامەزرۆییەوە تا کۆتایی ئامادە بوون.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا دوای ئەوەیکە پێشمەرگەکان لە لایەن ئەندامانی حیزبەوە ئاگادار کرانەوە کە هێزەکانی ڕێژیم بەرە و شوێنی کۆبوونەوەکە وەڕێکەوتوون، بۆ خۆ پاراستن لە تێکهەڵچوون و پارێزراوی خەڵکەکە، کۆبوونەوەکەیان کۆتایی پێ هێنا و ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت و خەڵکیش نەیانهێشت ئاڵای کوردستان بکەوێتە دەست ڕێژیم.

ئەم کارە دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدواوە بووە و بووەتە هۆی خۆشحاڵی و پێشوازیی گەرمی خەڵك.

هەروەها بەپێی زانیارییەکان هێزەکانی ڕێژیم بە تایبەت ئیدارەی ئیتلاعات جادەی سەقز ـ بۆکان و ئەو ناوچەی کە ئەو چالاکییەی تێدا کرا خستووەتە ژێر چاوەدێری.

## ڕاگەیەندراوی "یزاکا" لە بارەی ڕووداوی نەخوازراوی دەڤەری باڵەکایەتی




"یزاکا" لەبارەی ڕووداوی نەخوازراوی دەڤەری باڵەکایەتی ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و خەم و داخی خۆی بۆ ئەم ڕووداوە دەربڕی.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

الفتنه اشد من القتل

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

هاووڵاتییانی خۆڕاگر!

پارت ولایەنە سیاسییەکان ومامۆستایانی ئایینی نیشتیمانپەروەر!

بەداخەوە ڕۆژی هەینی ٣ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی بە هۆی تێکهەڵچوونێکی نەخوازراو لە نێوان پارتێکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵێک گەنجی گوندی گوندەژۆر سەر بە دەڤەری باڵەکایەتی (چۆمان) هاتە ئاراوە کە بە داخێکی گرانەوە بوو بە هۆی شەهید بوونی دوو هاووڵاتی.

یەکیەتیی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران، وێڕای خەم و پەژارەی خۆی پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی شەهیدەکان دەکات و هیوای لەشساغی وسلامەتی بریندارەکە لە خودا داواکارین، داواش لە گشت لایەن و مامۆستایانی ئایینی وخەڵکی هۆشیاری ناوچەکە دەکەین، خۆڕاگر بن و پەرەی زیاتر بەو ئاژاوەیە نەدەن، کە بووەتە دەرفەتێک بۆ دوژمنانی گەلەکەمان و دەیانەوێت لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن.

ئەرکی سەر شانی هەر مامۆستایەکی ئایینی وکەسایەتییەکانە، بەپێی فەرمایشتی خودای گەورە کە دەفەرمێت (انماالمومنین اخوه فاصلحوا بین اخویکم) هەوڵ بدەن ئەم گرژی وئاڵۆزییە هێور بکەنەوە، هەروەها داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەرپرسانەتر هەوڵ بدەن ڕێگری لە هەر کردەوەیەکی نەخوازراوتر بکەن؛ با یاسا بۆ هەموو لایەک سەروەر بێت.

والسلام علیکم ورحمه الله وبرکاته

یەکێتیی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران

١٣٩٦/٦/٤ی هەتاوی

## حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری سۆران کۆبوونەوە




هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ بەرپرسانی مەڵبەندی ٦ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری سۆران کۆ بوونەوە.

سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٦ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی، هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەردانی مەڵبەندی ٦ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیان لە شاری سۆران کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەو سەردانەدا، لە لایەن هەیئەتێکی مەڵبەند بە سەرپەرەستیی کاک "شاخەوان" جێگری مەڵبەند و کاک "لوقمان وەردی" جێگری مەڵبەند و بەرپرسی کۆمیتەی چۆمان بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

سەرەتا محەممەد نەزیف قادری، هاوخەمیی حیزبی دێموکراتی بۆ گیان لە دەستدانی دوو تێکۆشەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەو ڕووداو نەخوازراوەی گوندە ژۆر دەربڕی.

قادری هەروەها جەختی لە سەر دۆستایەتیی پتەوی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات و باشوور کردەوە؛ بە تایبەت پێوەندیی دێرین و پتەوی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی و ڕێگەنەدان بە نەیارانی کوردی هەر دوو بەش و کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئاگری دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێوانیان دروست بکات و لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێت.

دواتر هەڤاڵانی مەڵبەندی ٦ی سۆران جەختیان لەسەر پێوەندی پتەویان لە گەل حیزبی دێموکرات کردەوە و هەماهەنگی و هاوکاری نێوان هێزە سیاسییەکان و زاڵبوون بە سەر کێشە و گرفتەکان وەک ئەرکی سەرشانی هێزە سیاسییەکانیان دانا.

دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ هەیئەتی حیزبی دێموکرات، وێڕای بەرپرسی کۆمیتەی چۆمان لە گوندی "ئاشی بڕە گوێز" بەشدارییان لە پرسە و هاوخەمیی بنەماڵەی ئەو دوو قوربانییە کرد و هاوخەمیی حیزبی دێموکراتیان پێ ڕاگەیاندن و جەختیان لە سەر پتەو کردنی دۆستایەتیی نێوان کوردی هەر دوو بەشی ڕۆژهەلات و باشوور کردەوە.

## حیزبی دێموکرات و پ.ک.ک کۆبوونەوە



هەیئەتێکی ک.ج.ک سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ٨ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی هەیئەتێکی کەجەکە بە سەرپەرەستیی "سەرحەت وارتوو" وتەبێژی پەکەکە و ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی دیپلۆماسی پەکەکە، سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزب بەسەرپەرەستیی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسی پێشوازییان لێکرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا محەممەد نەزیف قادری لێکدانەوەیەکی سیاسی لەسەر ڕەوشی سیاسیی و داکشانی کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕۆڵی نەگەتیڤی لە ناوچەکە و هەوڵدانی بۆ ئاژاوەسازکردن و هەروەها بەهێزکردنی گرووپ و لایەنە توندڕەوەکانی ناوچە بۆ مەبەستی تایبەتی باس کرد.

کۆبوونەوەی سوپاسالاری کۆماری ئیسلامی و تورکیا هەوڵی هاوبەشی دوو لایەنە بۆ سەر کورد تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکەی نێوان پەکەکە و حیزبی دێموکرات بوو.

دواتر سەرحەت وارتۆو وێڕای تەئدی لێکدانەوە و ڕوانینەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر کۆدەنگی زیاتر و بەهێز بوونی کورد لە هەردوو بەش ڕوانگەی پەکەکەی باس کرد و ڕایگەیاند ئەو مەترسیانەی لە ئارادان نابێ بەکەم بگیرێ.

شایانی باسە لەو دانیشتنەدا چەندین پرسی پێوەندیدار بەهەردوولا کەوتە بەرباس و تەئید لەسەر پێوەندی پتە و دۆستانەی نێوان حیزبی دێموکرات و پەکەکە کرایەوە.

دواتر کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لە لایەن محەممەد نەزیف قادری و سەرحەت وارتوو بۆ کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی گیرا و لەسەر فرسەت و دەرفەتەکان و مەترسی بەردەم کوردی هەر دوو بەش قسە کرا و لێکدانەوەی خۆیان لەسەر پرسی نەتەوەیی کورد خستە بەرباس.

# پۆلێک لاوی شۆرشگێر پەیوەست بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بوون



دەورەی ٢٢٦ی سەرەتایی پێشمەرگە، لە شاخەکانی کوردستان کۆتایی پێهات و جێژنی تایبەت بە دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لەو شوێنە بەڕێوە چوو.

جێژنی کۆتایی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە بە بەشداری بەشێک لە بنەماڵەی شەهیدانی ڕاسان، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی گەلاوێژی ١٣٩٦ هەتاوی، لە شاخەکانی کوردستان کۆتایی پێهات و پۆلێک لە لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیان پۆشی.

ئەو ڕێوڕەسمە سەرەتا بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر "کاوە بەهرامی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی تایبەت بە ڕێوڕەسمی دەورەی ٢٢٦ی سەرەتایی پێشمەرگەی پێشکەش بە بەشداربووانی جێژنەکە کرد.

بەهرامی لە قسەکانیدا گوتی: " ئێمە هەموومان پێشمەرگەین، شۆڕش پێویستیی بە هەموومانە، هەمووی ئێمە دەبێ لە توانییەکانی خۆمان کەڵک وەرگرین بۆ خۆ ئامادەکردن، خۆ پەروەردەکردن بۆ درێژەدانی ڕاسان".

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد: :خاکی ئێمە کە کوردستانە لە لایەن داگیرکەرەوە داگیر کراوە و ئێمە دەبێت بڕۆینە قۆناغی هێرش".

دواتر سروودێکی شۆڕشگێڕی لەژێر ناوی "نابەزم" لە لایەن بەشداربووانی دەورەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتی ئامووزشی دەورەی ٢٢٦ی سەرەتایی پێشمەرگە لە لایەن "شۆڕش ئەڵڵاوەیسی" مامۆستای فێرگەی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبەوە پێشکەش کرا.

پاشان پەیامی دەورەی ٢٢٦ی سەرەتایی لە لایەن بەشداربووی دەورە "مێهران قەهرمان"یەوە خوێندرایەوە.

دواتر گۆرانییەک لە لایەن بەشداربووانی دەورە لە ژێر ناوی "دل دەخوازێ" لە لایەن بەشداربووی دەورە "ڕەزا محەممەدی" پێشکەش کرا.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەشدا خەڵات بە سەر بەشداربووانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە، کە لە بواری نەزم و دیسیپلین و هەروەها وانەکان، نێونجی نمرەکانیان بەدەست هێنابوو دابەش کرا.

ڕێوڕەسمەکە بە چەند گۆرانییەک لە لایەن بەشداربووانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەوە کۆتایی پێهات.

# ئێرە نییەری سەربەرزە، بە جامانەوە وەرنە ژوور



خەڵکی شۆڕشگێڕ و قارەمانی گوندی نییەر، لە سەر تابلۆیەکی ڕازاوە لە سەرەتای هاتنەژووری گوند نووسیویانە "ئێرە نییەری سەربەرزە، بە جامانەوە وەرنە ژوور".

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی، لاوانی دێموکرات و خەڵکی شۆڕشگێڕی گوندی نییەر لە کارێکی بێوێنەدا لە سەر پارچەیەکی ڕازاوە بە زمانی کوردی نووسیویانە " ئێرە نییەری سەربەرزە، بە جامانەوە وەرنە ژوور".

ئەو پارچەیە کە ئەو دروشمە شۆڕشگێڕانەی لێ نووسراوە لە سەرەتای هاتنەژووری گوندەکە بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای هاتنەژووری گوندەکە هەڵیانواسیوە.

گوندی نییەر سەر بە پارێزگای سنە، یەکێک لەو گوندانەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، کە خەڵێکێکی خۆڕاگر و شۆڕشگێڕی تێدا هەڵکەوتووە و چەندین شەهیدیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە.

# سپای پاسداران خۆی بۆ پیلانی نیزامی دژ بە کورد ئامادە دەکات



لە ڕۆژانی ڕابردوودا سپای تێرۆریستیی پاسداران بە بیانووی ئامادەسازی بۆ مانۆڕ، هێزێکی زۆری لە شارەکانی کوردستان کۆ کردووەتەوە و پیلانی هێرش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی هەیە.

بەپێی زانیارییەکان سپای پاسدارانی ڕێژیم، لە چەندین شاری کوردستان خەریکی خۆ ڕێکخستن و تەیارکردنی هێزەکانی بە چەک و جبەخانەی قورسە و گوایە دەیانەوێت مانۆڕی نیزامیی لە کوردستان بەڕێوە ببەن، بەڵام بەپێی زانیارییەکان لە پیلان داڕشتن دان، هاوکات لەگەڵ ئالۆزتربوونی ناوچەکە و ناردنی داعش و حەشدی شەعبی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتیشەوە هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان و لەبەر زەندەق چوونیان لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات، هێرش بکەنە سەر بنکە و شوێنی حیزبەکانی کوردستانی ئێران.

جێگای ئاماژەیە کە تا ئێستا چەندین جار بەرپرسانی ڕێژیم بۆ شاردنەوەی ترسیان لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات هەڕەشەی هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردووە.

لە بارەی ئەو پیلانە تازەیەی سپا و هەڕەشەکانیان، فەرماندەیەکی بەرزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ماڵپەڕی کوردستان میدیای ڕاگەیاند : "ئێمە ئاگاداری ئەو جموجووڵانەی سپای پاسدارانین، هەڕەشەی ترسنۆکانەی لەو بابەتەش زۆرمان لێیان بیستووە".

فەرماندەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لەدرێژەی قسەکانیدا وتی: "گەر سپای پاسداران دەیانەوێ بێن، با بێن! هاتنیان بە خۆیانە بەڵام گەڕانەوەیان نە".

# ڕێژیم پاساو بۆ جینایەتەکانی خۆی دێنێتەوە



بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە کاتی پاساوهێنانەوە بۆ جینایەتەکانیان، ترسی خۆیان لە پێشمەرگە دەردەخەن.

بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لەهەواڵدەرییەکانی خۆیاندا باس لەوە دەکەن کە تەقەی ڕاستەوخۆ لە کۆڵبەرانی کورد، بە هۆی بوونی پێشمەرگە لە کوردستانە.

پاش کوژرانی دوو کۆڵبەری کورد خەڵکی شاری بانە لە لایەن هەنگی سنووری ئەو شارەوە هاووڵاتییانی شاری بانە بە نیشانەی نارەزایەتی دەبرین دوکان و بازاڕەکانیان داخست و هێرشیان کردە سەر بینای فەرمانداری و بەشێک لە فەرمانداری و هەروەها ماشێنی فەرمانداریی ئەو شارەیان ئاگر تیبەردا.

لەو پێوەندییەدا نوێنەری هەنگی سنووری بە ڕەواڵەت و بۆ فریودانی بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان داوای لێبووردنی زارەکی کردووە.

نوێنەری هەنگی سنووریی ڕێژیم بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو جینایەتەی هێزە مرۆڤ کوژەکانی ڕێژیم، باسی لەوە کردووە کە بوونی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە سنوورەکان دەبێتە هۆی ئەوەیکە هێزە نیزامییەکان تەقەی ڕاستەوخۆ لە خەڵک بکەن.

ئەو بەرپرسەی ڕێژیم گوتوویەتی کە هێزەکانی ئێمە ئەو دوو کۆڵبەرە کوردەیان لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات لێ تێکچووە.

ناوبراو هەروەها لە درێژەی قسە بێ بەهاکانیدا گوتوویەتی ئەوەیکە هێزەکانی ئێمە ڕاستەوخۆ ئەو کۆڵبەرانەیان دابێتە بەر دەستڕێژی گوللە قسەیەکی ڕاست نیە.

ئەو قسانەی لە کاتێک دایە کە تەنیا لە ماوەی ڕابردوودا دەیان کۆڵبەری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە دژە گەلییەکان لە کوردستان کوژراون.

# یادی شەهیدانی میکۆنووس و کوژراوانی دەیەی ٦٠ لە ئاڵمان بەرز ڕادەگیرێت




ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی میکۆنووس و کوژراوانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی لە بێرلین پێیتەختی ئاڵمان بەڕێوە دەچێت.

کانوونی پەنابەرانی سیاسیی ئێران لە بێرلین و کومیتەی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی هەر لەو شارە ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی میکۆنووس و کوژراونی دەیەی ٦٠ لە بێرلین بەڕێوە دەبەن.

لەو ڕێوڕەسمە "برۆنۆ یوست" دادستانی خانەنشین کراوی فێدراڵ لە پێوەندی لەگەڵ بوارە یاساییەکانی دادگایی میکۆنووس چەند وتەیەکی پێشکەش دەکات.

هەروەها "شۆرا مەکارمی" یەکێک لە زیندووەکانی کوشتاری دەیەی ٦٠ لە بارەی توندوتیژییە بنچینەیی و سیاسەتەکانی نکۆڵی لە ئێرانی ئەمڕۆدا قسەی دەکات.

ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی (١٧ی سێپتامبریی ١٩٩٢ی زایینی) لە هێرشێکی تێرۆریستیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر ڕێستورانی میکۆنووس لە شاری بێرلینی ئاڵمان، دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتی حیزب لەگەڵ کاک فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و کاک هومایۆن ئەردەڵان کادری هەڵکەوتووی حیزب، شەهید کران.

ئەم ڕێوڕەسمە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٦ی سێپتامبری ٢٠١٧ی زایینی کاتژمێری ١٩ لە کارگای فەرهەنگییەکان بەڕێوە دەچێت.

## درێژەی پەیڤ

لە ئاستی چاوەڕوانیی شاردا نەبن، شار لەسەریان ڕاناوەستێ، یان ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە و ڕێبەرانی خۆی بەرهەم دێنێ یان هەستانەوەکەی بەلاڕێدا دەبرێ. ئەمە هۆشداریە بۆ هەموو خەباتکارانی ڕاستەقینە.

دووهەم، شار بە هەموو شێوازێکی ئاشتیخوازانە ویست و داوا و مافەکانی هێناوەتە بەرباس و تەنانەت داوای کۆڵبەری و ئارەقڕشتنیشی بە گوولە وەڵام دراوەتەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر جۆرە کردەوەیەکی کورد و کوردستان بە سیاسی دەبینێ و ئەمنیەتی لەرزۆکی ڕێژیم بەو کردەوانەدا دەسەلمێندرێ. چوونکە ڕێژیمێکی سەقامگرتوو هەموو وردەکارییەکانی ژیانیش سیاسی ناکاتەوە، بەڵام کاتێک نانی کۆڵبەریش دەبێ بە سیاسی و سپای پاسداران لە ترسی کوردستان تەقەیان لێدەکا، دیارە کە ئەم ڕێژیمە تا چ رادەیەک لەرزۆکە.

گوولەی ڕێژیم کە لە هەموو کات و کردەوە و ڕووداوێکدا وەدەنگ دێ و بەرەوڕووی خەڵک دەکرێتەوە، چیدی لەلایەن خەڵکەوە تەحەممول ناکرێ و ڕۆژێک شار دەگا بەو بڕیارە کە ئیدی دەبێ دەست بۆ چەک ببا و لە نێو دڵی شارەوە تەقە لە کۆشکی لەرزۆکی جەمارانییەکان دەکرێ.

# دەوڵەتی موازی؛ کاریگەرترین پیلانی ڕێژیم بۆ مانەوە لە دەسەڵات بە هەر نرخێک بێ

**پێشەوا ٢٤**



لە جەنگەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق؛ کاربەدەستانی تازە پێداکەوتووی ئەوکات کە تووشی زیانێکی ئێگجار زۆری مرۆیی ببوونەوە و ژمارەیەکی زۆری هێزەکانیان لە شەڕگەکاندا بەهۆی بێ پلانی و کەلەڕەقیی کاربەدەستانێک کە تامی دەسەڵات و نرخی بەرزی نەوت کەوتبووە بن ددانیانەوە کوژران؛ بۆ ئەوەیکە زیاتر لە دەسەڵات بمێننەوە و لە ترسی دۆڕانی سەربازی و داڕمانی ئابووری، بەهۆی تێچووە زۆرەکانی شەڕ، لە پیلانێکدا سەرەتا کەڵکیان لە هەستی ئینقلابی و بیری ناسیۆنالیستی ئێرانی و "بە داگیرکەر ناساندنی" ڕێژیمی فاشیستی سەدام حوسێن و مەزلوومنمایی نێوخۆیی وەرگرت و دواتریش دەستیان کرد بە دامەزراندنی سپای پاسداران کە هێزێک بوو پێکهاتوو لە خەڵکی ئاسایی و مەبەستی ڕاگرتنی هێڵی بەرگری و کەمکردنەوەی زیانی هێرشەکانی ئەرتەشی پڕچەکی ڕێژیمی بەعسی گۆڕ بە گۆڕ بوو.

بەڵام لە دوای شەڕ هەست بە کەڵك و بەکارهاتوویی ئەو هێزە کرا، چۆن ئەو هێزە لە قوڵایی خەڵکەوە و لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات وەکوو بەلووچستان، باکوور و باشوور و کوردستان پێکهاتبوو و هەروەها ئەو لاوازیەی کە ئەرتەش هەیبوو ئەو هێزە نەیبوو و سەرەڕای ئەوەش سپای پاسداران هێزێکی ئیدئۆلۆژیک بوو. هۆکاری کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئیمانداریەتی و مەزهەبی‌بوونی خەڵکی ئەو سەردەم، بۆ ساویلکەبوونیان بەهۆی نەبوونی بیری سیاسی لە بۆشایی هێزە سیاسییەکاندا دەگەڕێتەوە. هێزی سپای پاسداران دوای تەواوبونی شەڕ لە شەڕگەکانی ئەو کات بە مەبەستی سەرکوتی بیری کوردی و دەسەڵاتی سیاسی و چەکداری ئەو کاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات بۆ کوردستان ڕەوانە کران.

لە کوردستان چەکی ئەوان تەنیا چەکە پێشکەوتووەکانی بەجێماو لە سەردەمی ڕێژیمی پێشوو نەبوو، بەڵکوو ئیتر ئەوان بەهۆی تەواوبوونی شەڕ، سنوورە ئاوی و زەوینییەکانیان بۆ کرابووە کە زیاتر ڕیشەی خۆیان داکوتن و خۆیان بە چەکی نوێی سەردەم پڕچەک بکەن. هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لە مارکی ئیسلامی و کەڵکاژۆوەرگرتن لە بیری مەزهەبی بەشێک لە خەڵکی ڕۆژهەڵات توانیبوویان تا ڕادەیەک کەڵک لەو هەستە وەربگرن و لە هەندێک شوێندا جێ پێی خۆیان بکەنەوە.

هەروەها ڕێژیمی ئێران ئەو کات بە هۆی شەڕی درێژخایەنی دەسەڵاتدارانی هەر دوو سنوور (عێراق و ئێران) و لەبیرکردن و نەمانی هێژمۆنی حوکمڕانیان لە هەر دوو بەشەکە، خەڵک تووشی برسیەتی و نەداری ببوونەوە؛ بەتایبەتی بەشی ڕۆژهەڵات کە دەبوو میوانداری لە ئاوارەکانی باشووری کوردستانیش بکا و بیانپارێزن، هەر بۆیە بە بەکارهێنانی خۆراك و سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ئەو کات دەیهەویست خەڵک لە هێزە کوردییەکان دوور بخاتەوە و پێگەیان لاواز بکات.

بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە شەڕەکانی کوردستان بۆیان دەرکەوت کە تەنیا بە چەک و خۆراک ناتوانن پێش بە ڕەوتی ڕزگاریخوازی کورد بگرن. ئەوەش بەهۆی بەرگری قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەڵکی خۆڕاگری کوردستانەوە بوو کە شکستی بە هێزێک هێنا کە تازە لە فەزای ئینقلاب دابوو و زیاتر لە ٦٠٠ هەزار چەکداری، کە بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتی دەکرا، تووشی شکست کرد. هەر بۆیە ئەو هێزەی ڕێژیم پەنای برد بۆ بۆشاییەکی دیکە و لە پیلانێکدا ئەوجار ئابووری کوردستانی کردە ئامانج و سەرەتا لە بێکارکردنی خەڵک و دواتریش لە بڕینی مووچەی فەرمانبەران و گەمارۆ بۆ سەر سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان دستی پێکرد. لە درێژەی ئەو پیلانەدا ئەوجار دەستی بە کۆکردنەوەی هێز لە ناوخۆی کوردستان کرد و کەڵکی لە نەداری و هەژاری خەڵکی ئەوکات وەرگرت و بە بەرتیل‌دان و تەماح وەبەرنانی هەندێک لە نەیارانی نەزانپەرەست دەستی بە خۆسەپاندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. هەر لەم بارودۆخەدا بوو کە کردنەوەی لق و باڵی سەربازی لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانیش دەستیان پێکرد، کە سەرەتا لە چەند وڵاتێکی وەك لوبنان و سووریە و چەند هاوپەیمانییەکی ئابووری خۆی دەستی بە مەشق و ڕاهێنانی ئەو هێزانە کرد. دواتریش ناخی ڕاستەقینەی خۆی نیشاندا و دەستی بە تێرۆری سیاسی لە دەرەوەی وڵاتیش کرد کە لە سەروی هەمووانەوە سەرکردەی جووڵانەوە و بووژانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (دوکتور عەبدەلڕحمان قاسملوو) بوو. سپای پاسداران لە ناوخۆی وڵات لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا کە لەژێر فەرمانی دوکتور قاسملوو دابوون، دۆڕابوو و لە دەرەوەش بەهۆی ژیری و دیپلۆمات بوونی دوکتوور قاسملوو ماهیەتی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمە بە جیهان ناسێندرا کە ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی دوایین هەوڵی ڕەشی خۆیان تاقی بکەنەوە و جارێکی دیکە خۆیان بە تێرۆر بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناساند .

لە دوای ئەوەیکە شکستە نیزامییەکان و تەلەفاتی هێزی سەربازی لە کوردستانیش کەمتر لە شەڕی ٨ ساڵە نەبوو و داخی دۆڕانی خۆی بە سەر خەڵکی بێ‌دیفاعدا ڕشت، کوشتار لە کوردستان و سەرکوتی بێ بەزیانە و نامرۆڤانەی خەڵکی کورد و بێ دیفاعی کوردستان لە ڕۆژهەڵات دەستی پێکرد، لەم بارودۆخەدا بوو کە بە ناچار جووڵانەوەی کوردی لە هەمبەر بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک و بێدەنگ بوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ماوەیەک هێژمۆنی چەکداریی خۆیان کەمتر کردەوە و ئەوەش بوو بە هەلێک بۆ چەکدارانی سپا تاکوو خۆیان بە ئێگجاری بە سەر خەڵکدا بسەپێنن.

ڕەنگە لە نێو دەوڵەتاندا زۆر بە دەگمەن دەرکەون ئەوانەی کە لە یەک حوکمڕانیدا خاوەنی دوو هێزی چەکدار بن کە لەژێر یەک ئاڵادا کار بکەن و بێگومان وێنەی سپای پاسداران هەر لە هیچ کوێیەکدا دەست ناکەوێ.

دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە دوای شەڕ و قایمکردنی جێ‌پێی خۆیان و کەوتنە نێو بازاڕی جیهانی بەهۆی نەوت و گاز و بازاڕی تازە و دەست لێنەدراوی ئێرانەوە هەستان بە داڕشتنی پیلانی دووهەمی خۆیان لەمەڕ پاڵپشتیی سپای پاسداران، لە سەرەتادا پشتیوانیی یاساییان لە مەجلیسی ڕێژیم وەرگرت‌و دەستیان بۆ ئاوەڵاکردن و لە دواتریش‌دا بە تەرخانکردنی بەشێک لە بوودجەی گشتیی سەربازی بەو هێزە ئەوەندەی دیکە پەلیان ئەستور و خۆیان بەهێزتر کرد.

بەڵام ئەوە سەرەتایەك بوو بۆ ئەوان و خەونی ئەوان تەنیا بەوە کۆتایی نەهات؛ ڕێژیم کە هەستی بە لەرزۆکی و ناسینی خۆی لەلایەن خەڵکەوە کردبوو، هەروەها هەوری ڕەشی گەمارۆکانی ئامریکا و ڕۆژئاوای لە سەر خۆی دەدیت و لە ترسی کودەتای نیزامی یان سپی بەسەر خۆی دەستی بە گرتن و ئێعدامکردنی سەرجەم دژبەرانی خۆی لە نێوخۆ و تێرۆرکردنی بەشێکی دیکە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات کرد کە لە نێویاندا تێرۆری کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە باشوور بە هاوکاری لایەن و لق‌وپۆکانی نزیک لە سپا لەم بەشەی نیشتمان نموونەیەکی بەرچاون .

لە دوای ئەو سەرکوتە دەسەڵاتدارانی "بیت رهبری" کە ئەو کات بە هاتنەسەرکاری خامنەیی وەکوو ڕێبەری گشتی سەرجەم دەسەڵاتیان لە دەست دابوو، سپای پاسدارانیان وەکوو هێزی تایبەت و نیزیک لە خۆیان ناساند و بە تەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت بە ناو خەڵکی‌دا هێنایانە دەرێ بەشێوەیەک کە ئەمجار مەیدانی سیاسیشیان بۆ کردەوە.

بەشێکی بەرچاو لە نزیکانی خامنەیی و لە پاسدارە شەڕدیتوو و نێوچاوان بە بەردەمۆرە سووتاوی ئەو هێزە بە فەرماندەری و بەڕێوەبەری لەژێر چەپۆکی توندی شەخسی خامنەیی‌دا دیاری کران؛ هاوشێوەی قزڵباشەکانی قاجار و ینیچیریەکانی عوسمانی .

بەرەبەرە بە کرانەوەی مەیدان بۆ ئەوان جێگای خۆیان لە نێو تەواوی جومگەکانی دەسەڵات بە زۆری کردەوە تەنانەت دەستیان بەسەر تەواوی ئیدارە و بەڕێوەبەرایەتییەکانیش داگرت. بە شێوەیەك کە ببوونە دەزگایەکی هەواڵگریی تۆکمە بۆ نیزیکانی ڕێبەر و کەس نەیدەوێرا بەپێچەوانەی مەیلی ئەوان بجوڵێتەوە. لە دوای هاتنەسەرکاری ڕەفسەنجانی وەکوو سەرکۆمار هەست کردن بە گەورەبوونەوەی ئەو لە نێو خەڵکدا لەلایەن خامنەییەوە، بڕیاری ئەوە درا کە زیاتر بچنە نێو بەدەنەی دەوڵەتەوە و هەژمۆنی خۆیان زیاتر بکەن.

هەر لەوەها هەلومەرجێك دابوو کە سەردەمی زێڕینی ئەوان دەستی پێکرد؛ سەرەتا بە هۆی دانی چەندین ئیمتیازی ئینحساری بەوان و دواتریش بە هاتنە نێو بازاڕی نەوت و گاز لە کێڵگە هاوبەشەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو ئیتر ئەوان ئێستا تەنیا هێزێکی چەکداری هەواڵگری کە بۆ سەرکوت و زەبر و زەنگ و تۆقاندن و تێرۆری بەرهەڵستکارانی ڕێژیم نەمابوون، بەڵکوو سەرچاوەی دارایی ئێگجار زۆر گەورەشیان کەوتبووە بەر دەست، بەجۆرێک کە دەبوو نوێنەر و پشکی ئەوان لە تەواوی ڕێککەوتن‌نامە بازرگانییەکانی دەوڵەت لەگەڵ دونیای دەرەوە و هەروەها سازەندەگی و پێشکەوتن و بازاڕی ناوخۆ لە دەستیاندا هەبێ.

دەسکەوتنی سەرچاوەی دارایی بوو بە سەرەتایەك بۆ پەلهاویشتنی زیاتری ئەوان بۆ دەرەوەی وڵات و جێبەجێ‌کردنی ئیدئۆلۆژی ئیسلامیی شیعی کە ئەوجار ڕەگێکی فاشیستیشی تێدا بەدی دەکرا. سەرەتا لە لوبنان و دواتریش لە سووریە و لیبی و پاکستان و بەشێك لە وڵاتانی ئافریقایی دەستیان پێکرد و تەنانەت وڵاتانی ئامریکای باشوور؛ مۆڵگەیەکی باش بۆ ئەوان بەدی دەکرا بە جۆرێک کە لە سەرجەم ئەو وڵاتانەدا بەهۆی هاوڕەگەزبوونی ڕێژیمەکانیان لەگەڵ تاران توانیان مۆدێلێك لە خۆیان دروست بکەن کە بەستراوە بە خۆیان بێ و فکر و ئەجندای ئەوان جێبەجێ بکا؛ بۆ نموونە حیزبوڵڵا لە لوبنان.

گەمارۆی ئابووری لە سەر پرسی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوایی توانی لە دەرەوە بەتەواوەتی ماهیەتی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا بکات و هاوکات لە ناوخۆش‌دا زەبرێکی کوشندەی لە جومگەکانی دەسەڵات دابوو کە ئەگەر جەمسەربەندیی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هاوهەڵوێست بان و ئێران لە ڕۆژهەڵاتییەکان نیزیك نەبوایە بەدڵنیاییەوە دەوامی نەدەهێنا. ئەوە بوو بەهۆی ئەوەیکە جارێکی دیکە سەرەکیترین دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە کۆمەڵێک گرووپی مافیایی و بازرگانی شەڕدیتوو و تێرۆریست و چەواشەکاری ئایینی نیزیك لە "بەیتی خامنەیی" و لە سەرووی هەموان خودی خامنەیی پێك دەهاتن هەست بە ترسێکی ڕاستەقینە لە جووڵانەوەی خەڵکی ناوخۆ بکەن.

سپای پاسداران جارێکی دیکە مەیدانێکی زیاتری بۆ کرایەوە؛ ئەو جار دەبوو لە بەدەنە و کابینەی دەوڵەتیش‌دا حوزووری هەبێ جا دەبوو بە مایەی هەست بە ئارامی‌کردنی سەرووی خۆیان. هەر بۆیە ئیتر ئەو جار پلەدارە نیزامییەکان دەبوو ببن بە وەزیر و جێگر و ئەو تۆزقاڵە دەسەڵاتەی کە خەڵك بە هی خۆی دەزانی ئەوانیش بستێنن و خاترجەم بن. ئەو جار لە سەرجەم دانوستان و دانیشتنە سیاسییەکانیش حوزووریان هەبوو و قسەی دڵی ڕەشی خامنەییان دەبوو لە بەیاننامە و ئایین‌نامە نێو دەوڵەتییەکاندا دەبوو سەپاندبایە.

# گەورەترین لەمپەری سەر ڕێگای ئێران بۆ سازکردنی هیلالی شیعی و پەرەدان بە توندڕەوییەکان بوونی هێزی سەربازی ئامریکایە

ن: موختار نەقشبەندی
و: سابیر فەتاحی

لە ساڵی ٢٠٠٤وەوە و دوای بەهێزتربوونی شیعەکان لە عێراق، باس و خواستی هیلالی شیعە بەشێوەیەکی بەرچاو رووی لە زیاد بوون کرد بەتایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا و لەگەڵ چوونە سەری بەشداری نیزامی ئێران لە سوریە و لوبنان و عێراق و زیاد بوونی شەڕە نێوخۆییەکانی یەمەن، میدیاکان و کارناسان بە بەردەوامی لێکدانەوەیان بۆ رەهەندە جیاوازەکانی ئەم پرسە کردووە، لەم وتارەدا هەوڵ دراوە زیاتر لایەنی نیزامی و پێویستی بەشداری و تەنانەت چوونە سەری ئاستی نیزامی ئامریکا بۆ پێشگرتن لە هاتنە ئارای شەڕ لە خۆرهەڵاتی ناڤین لە نێوان دەسەڵاتدارە سوننە مەزهەبەکان، ئێران و هاوپەیمانەکان لە هیلالی شیعیدا لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

هێزی نیزامی بە هەموو لایەنەکانییەوە لە چۆنیەتی و تێکنۆلۆژییەوە بگرە تاکوو چەندایەتی، رۆڵی راستەوخۆ و یەکلاکەرەوەی لەسەر پرسە سیاسییەکان هەیە و لە ئەساسیشدا سیاسەتە درێژماوەکان بە خوێندنەوە لە هێزی نیزامی بە ئەنجام دەگەن. لە قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا کە بەهۆی پرۆژەکانی هیلالی شیعەی ئێران بە یەکێک لە خوێناویترین و درێژماوەترین قەیران و ژینۆسایدەکان لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە ئەژمار دێت باسی هێزی نیزامی و هاوکێشە نیزامیەکانن کە هاوکێشە سیاسی و ستراتێژییەکانی وڵاتان لەم قەیرانانەدا دەستنیشان دەکەن نە پرسەکانی مافی مرۆڤ و مرۆڤی! بە هۆی لەسەرەخۆبوونی ئۆباما لە هەنگاوە کردەکییەکانیدا وڵاتی روسیە، بوونی سەربازی خۆی لە وڵاتی سوریە سەپاند و هەر ئەم پرسەش بوو




کە ئامریکای لە روبەروبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ روسیە لە کردەوەدا گەیاندە شوێنێک کە لە ئێستادا پاش سیاسەتی لەسەر کار وەلانانی بەشار ئەسەد نییە و تەنانەت سیاسەتوانان و بەرپرسانی ئامریکایی رایانگەیاندووە کە ئامریکا سیاسەتی پەروەردەو پۆشتە کردنی چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی راگرتوە بەڵام، ئەوە بە مانای دانی سوریە بە روسیەو ئێران نییە و تەنانەت وەک شکستی ئامریکاش لەم پێوەندیەدا بە ئەژمار نایەت چونکە تا هاتنە ئارای شەڕی نێوخۆیی سوریە تەواویەتی ئەم وڵاتانە وەک هاوپەیمانییەتی روسیە و ئێران بە ئەژمار دەهاتن بەڵام لەئێستادا تەنیا بەشێکی لە ژێر دەسەڵاتی بەشارئەسەددایە وهیچ کات سوریە دۆخی پێش شەڕی ناوخۆیی ئەزمون ناکاتەوە بەڵام، کۆماری ئیسلامی کە بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەکی لەسەرهەناردەکردنی شۆڕش دارشتووە نە بە پشکی کەم لە سوریە ئۆغرە دەگرێت و نە ئاشتی و ئارامی لەو ناوچەیەدا بە قازانجی خۆی دەزانێت چونکە هاتنە ئارای ئاشتی بەردەوام، بە بێ هاتنە ئارای رێککەوتنێک لە هەمبەر دەستێوەردانەکانی ئێران و بەشارئەسەد لەسەر لوبنان و بەرتەسک کردنەوەی چالاکییەکانی حیزبوڵای لوبنان ئیمکانی نییە و هەر جۆرە رێککەوتنێک بە مانای شکستی پرۆژەی هیلالی شیعە و بەرتەسک بوونەوەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی پێناسەی بۆ دەکرێت. بۆ تاوتوێی زیاتری ئەم بابەتە ئاماژەیەک دەکەین بە دوو پرس: یەکێکیان بۆچی ئێران، لەسەر دامەزراندنی هیلالی شیعە سورە و دووهەمیان بۆچی ئامریکا دژایەتی ئەم هیلالە دەکات؟ هەرچەند ئەم دوو پرسە هەر کامەیان باسێکی بەربڵاو و قووڵە و پێویستە بە شێوەی جیاواز لە بابەتی دیکەدا لێکدانەوەی بۆ بکریت بەڵام بە کورتی هێمایان بۆدەکەین.

بۆچی هیلالی شیعی بۆ ئێران گرینگە:

جیا لە پرسە ئایینی و مەزهەبییەکان کە رێبەرانی رێژیم خۆیان بە نوێنەری خودا بۆ هاتنە ئارای دەسەڵاتی ئایینی لە ئاستی دونیادا دەزانن و هەر بەم هۆیەشەوە لە جیاتی قازانجی نیشتمانی خەڵکی ئێران، رێگای گەیشتن بە خولیای وەدەستخستنی دەسەڵاتی جیهانیان گرتۆتەبەر، پرسی گرینگ بۆ رێبەرانی رێژیم ئەوەیە کە لە ئەگەری هاتنە ئارای ئاشتی لە عێراق و سوریە و یەمەن و دامەزراندنی دەسەڵاتە نیشتمانییەکان لە جێگای توندڕەویە ئایینیەکان لەم وڵاتانەدا، کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە سەرەولێژی رووخان چونکە، هەم لە رووی ئابوورییەوە ناتوانێت رکەبەرایەتی وڵاتانی ناوچە بکات کە لە رووی بەرهەمهێنانی ناپاقژی ناوخۆیی لە ئێران سەرترن و سەرانەی بەرهەمهێنانی ناپاقژی ناوخۆییان بەبەراورد لەگەڵ ئێران زیاترە و لە رۆژهەڵاتی ناڤینیشدا بەهەبوونی وەها پێکهاتەیەکی سیاسی و گرێچنێکی ئایینی و نیشتمانییەوە ناتوانێت وتەنانەت دوای ئالۆزییە ئایینییەکان، رێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە جاران لەگەڵ قەیرانی رەوایی لەلایەن نەتەوەکانی نێو ئێران کە ساڵانێکە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ئایینیدا مافی نەتەوایەتیان لە پەراوێز خراوە بەرەوڕوو دەبێتەوە.

ئامریکا بۆچی دژایەتی هیلالی شیعی دەکات:

ئەگەرچی هیلالی شیعی بۆتە هۆی کۆنترۆڵی وڵاتانی عەرەبی و کێبڕکێ چەکوچۆڵییەکان بە قازانجی کۆمپانیا ئامریکاییەکان شکاوەتەوە و ئەوەش رەوایی بە مانەوەی درێژماوەی ئامریکا دەبەخشێت بەڵام بە دوو هۆکار ئامریکا ئەوە بە قازانجی درێژماوەی خۆی نابینێت.

١. زاڵ بوونی ئێران بە سەر سەرچاوەکانی نەوتی رۆژهەڵاتی ناڤین:

زۆربەی هەرە زۆری نەوتی خۆرهەڵاتی نێوەراست لە وڵاتانی عەرەبستان، عێراق و ئێراندایە کە زۆربەی ئەم سەرچاوانە لە ناوچە شیعەنشینەکانی ئەم وڵاتانەدان و زاڵبوونی ئێران بەسەر ئەم سەرچاوانەش لە دژی قازانجەکانی ئامریکا لەمەڕ دابین کردنی وزەی خۆی و هاوپەیمانەکانی و زاڵ بوون و کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وزە بۆ گوشارهێنان بەسەر وڵاتی چین دایە.

٢. زێدە بوونی کێشە ئەمنیەتییەکان بۆ رۆژئاوا:

هەنووکە ئامریکا چاوی بڕیوەتە سەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئۆروپا و باشوری ئاسیا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ زێدەخوازییەکانی روسیە و هەروەها کۆنترۆڵی وڵاتی چین، لەم راستایەشدا هاتنە ئارای هیلالی شیعە بەشێوەی کردەوەیی سنورەکانی ئایینی وڵاتی ئێران لە سنوورەکانی ئۆرووپا نیزیک دەکاتەوە ئەوەش بە واتای زۆربوونی کێشە ئەمنیەتی و هێرشە موشەکییەکانی ئێرانە ئەوەش شتێک نییە کە بە قازانجی رۆژئاوا بێت بەتایبەت کە ئێران خەونی روخانی پێکهاتەی جیهان و بەدەستەوەگرتنی ئەم دەسەڵاتە دەبینێت ئەوەش بە واتای هێرش بۆ سەر شارستانیەتی ئۆرووپا بەئەژمار دێت.

بە سرنجدان بەو شتانەی کە باسمان کرد هۆکاری دەستێوەردانەکانی ئامریکا لە سوریە بۆ کۆنترۆڵی زێدەخوازییەکانی ئێران تەواو روونە بەڵام، ئامریکا نایهەوێت تووشی شەڕی راستەوخۆ لەگەڵ رووسیە بێت چونکە شەڕ لەگەڵ رووسیە ئەگەری شەڕی جیهانی بەدواوەیە؛ بەم هۆیەش ئامریکا بە جێگای سیاسەتی شەڕ و دەرگیری راستەوخۆ لەگەڵ ئێران لە سوریە کە ئەگەری شەڕ لەگەڵ رووسیە زیاد دەکات بە کردەوە سوریەی وەک زەلکاوێک بۆ ئێران لێکردووە کە تا ئیستا چەندین ملیارد دۆلاری لە داراییەکانی ئێران و گیانی هەزاران پاسدار و هەروەها هەیمەنەی ئێرانی وەک پشتیوانی سەرەکی بەشار ئەسەد لە ئاستی جیهاندا نوقمی خۆی کردووە. بوونی ئامریکا کە زیاتر بوونی هەوایی و زانیاریە، وەک هۆکاری سەرەکی زاڵنەبوونی ئێران و بەشار ئەسەد و هاوکات بە پشتیوانییەکانی رووسیە لە سووریە دایە. لەلایەک هێزی هەوایی ئامریکا بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی زانیاری کە بەهۆی سەتەلایت و فرۆکە سیخورییەکانی کە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا بوونیان هەیە بۆتە هۆی ئەوەیکە پشتیوانی لۆژێستیکی ئێران لە گرووپە چەکدارەکانی شیعە لە یەمەن و سوریە لەگەڵ کێشە بەرەوڕوو بکاتەوە چونکە ئێران لە بوونی هێزێکی هەوایی و دەریایی ئەوتۆ بێ بەریە و ناتوانێت لەم گەمارۆیەی کە لەلایەن ئامریکاو هاوپەیمانەکانی هاتۆتە ئاراوە رزگاری بێت و ئەو کارەش پشتیوانی لۆژێستیکی بۆ ئێران کە رووی لە رێگا دژە باوە جیاوازەکان کردۆتەوە بەرەوڕووی لێکەوتەی ماڵی و گیانی زۆر بۆتەوە بەڵام، مخابن دوای هەموو ئەو هەوڵانە کۆماری ئیسلامی دوای رێککەوتنی ناوکی بە کردەوە هەنگاوەکانی بۆ هێنانە ئارای هیلالی شیعە خیراتر کردۆتەوە ئەم کارەش پێویستی بە بوونی جیدی ئامریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەراست و رووبەڕووبوونەوەی جیدی لەگەڵ ئێران بە دوادادەبێت.

لەو دوایانەشدا شایەتی هۆشدارییەکانی بەرپرسانی ئامریکایی بۆ سەر بەرپرسانی رێژیم بووین، هەرچەند وڵاتی عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی لە رووی نیزامیەوە زۆر سەرتر لە ئێرانن بەڵام، حەزی شەڕی راستەوخۆیان لەگەڵ ئێران نییە چونکە شەڕێکی ئەوتۆ، درێژماوە و بەربەرین دەبێت و زۆر بە باشیش قەیرانەکانی ئەم شەڕە دەزانن و تەنیا بە دەستێوەردانی ئامریکا دژایەتی هێزو بەرانبەری دەگاتە جێگایەک کە ئێران هیچکات ریسکێکی لەم چەشنە ئەزموون ناکات بەڵام ئەگەر ئامریکا بە هێز و بۆ کۆنترۆڵی دەستێوەردانەکانی ئێران کە رووی لە زیاد بوونە نەیەتە گۆرەپانەوە هاتنە ئارای شەڕێکی بەربڵاو لە رۆژهەڵاتی ناڤین دوور لە چاوەڕوانی نییە.

لەم روانگەوە هاتنە ئارای شەڕێکی بەربڵاو لە خۆرهەڵاتی ناوەراست زۆر مەترسیدارە کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی گرووپە توندڕەوە شیعەو سوونەکان، ئەوەش کێشەی ئەمنیەتی زۆر گەورەتر لە داعشی بۆ دوونیا لێدەکەوێتەوە. بەداخەوە گەمارۆی یەمەن بۆ پێشگرتن لە هەناردەی چەک و تەقەمەنی لەلایەن ئێرانەوە، کارەساتی مرۆڤی لەم وڵاتە لێکەوتۆتەوە کە لە تەنیشت شەڕی نێوخۆیی لە سوریەو عێراق قەیرانی مرۆڤی هێناوەتە ئاراوە کە لە ئەگەری درێژەی توندوتیژییەکان دەبێت شاهیدی مردن و لەنێوچوونی هەزاران منداڵ بین. رەنگە رێگای یەکجار زۆرمان بۆ ئاشتی و ئارامی و کۆنترۆڵی دۆخی خۆرهەڵاتی ناوەراست و ئاگربڕ لەو وڵاتانەی کە ناومان هێنا بوونیان هەبێ بەڵام تەنیا رێکاری گشتی و بنچینەیی ئەم کێشانە سەرەونخوونی دەسەڵاتی مەزهەبی ئێران و هەوڵ بۆ هێنانە ئارای دەسەڵاتە دێمۆکراتیکەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەراستە.

## ئامانجە شاراوەکانی پشت رێککەوتنەکەی نێوان حیزبوڵڵای لوبنان، رێژیمی ئەسەد و داعش

تالب قەیسەری



لەکەس شاراوە نییە کاتێک لەساڵی ٢٠١١ خەڵکی وەزاڵەهاتووی سوریا دژی رێژیمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد دەستیان دایە خۆپیشاندان و بە پشتیوانی سپای ئازاد رووبەرێکی زۆر لەو وڵاتەیان کۆنترۆڵ کرد، لەهەمان کاتیشدا پشتیوانییەکی بەرینی نێودەوڵەتییان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد و رۆژبە رۆژیش لە سەرکەوتنەکانیان بەردەوام دەبوون، تەنانەت بەشێک لە دیمەشقی پێتەختیشیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. لەم هەلومەرجە ناسکەدا کە هێزەکانی سپای ئازاد سەرمەستی سەرکەوتنەکانیان بوون، کۆماری ئیسلامی هەوڵەکانی خۆی وەگەڕخست و بە دامەزراندنی هێزێکی درندە بەناوی داعش و دواجار نیزیک کردنەوەیان لە سپای ئازادی سوریا و ئەنجامدانی هەندێ کردەوەی قێزەونی دوور لە هەر پرەنسیپ و بەهایەکی ئەخلاقی، سیمایەکی ناشرینیان لە سپای ئازاد پیشانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دا. ئەمە وایکرد کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە تا ئەوکات پشتیوانییان لە سپای ئازاد دەکرد هەموو یارمەتییەکانیان بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوریا رابگرن، بەم شێوەیە ئۆپۆزسیۆنی سوریا بێ پشتیوان مایەوە و بەشار ئەسەدیش قۆناغ بە قۆناغ بەیارمەتی رووسیا و سپای پاسدارانی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان و بەشێک لە هێزە چەکدارە شیعەکانی عێراق توانی بەسەر سپای ئازاددا سەرکەوێ. تا ئێرە ئێران توانی سیاسەتێکی سەرکەوتووانە بە قازانجی رێژیمی ئەسەد لە سوریا پەیڕەو بکات.

ئەوەی مەبەستمە لێرەدا ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە پاش ئەوەی هێزەکانی داعش بەفەرمانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر عێراق و پارێزگا سوننە نشینەکانیان کۆنترۆڵ کرد و تۆڵەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقیان لە سوننەکان کردەوە، لەژێر چاوەدێری کۆماری ئیسلامی و بە هەڵکردنی گڵۆپ سەوزی مالکی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق و رادەستکردنی چەکوچۆڵی پێشکەوتووی سپای عێراق بەداعش لە پارێزگای نەینەوا، هێرش بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد کە لەم هەنگاوەشیاندا مەبەستیان ئەوە بوو کە کوردستان بەتەواوی بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی داعش و کوردستانیش تووشی هەمان چارەنووسی ناوچە سوننەنشینەکان بێت، بەڵام پاش شەڕێکی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەژێر فەرماندەیی سەرۆک بارزانی فەرماندەی هێزەچەکدارەکانی کوردستان و پاڵپشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێزی هاوپەیمانان، داعش رووبەڕووی شکستێکی گەورە بوویەوە و تەنانەت لەو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش وەدەر نرا و دواجاریش هەر بەهاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان سپای عێراق توانی بچێتە ناو مووسڵەوە و ئەو شارە ئازاد بکات.

ئێستا کە داعش هەم لە سوریا و هەمیش لە عێراق مۆمی تەمەنی رووی لە کزی کردووە، کۆماری ئیسلامی دیسان سیناریۆیەکی دیکەی دارشتووە؛ ئەویش رێککەوتننامەی نێوان حزبوڵڵای لوبنان و بەشار ئەسەد و داعشە. بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە هێزەکانی داعش دەتوانن لەبەرانبەر رادەستکردنەوەی سەربازێکی حیزبوڵڵا و تەسلیم کردنەوەی تەرمی چەند چەکدارێکی حیزبوڵڵا و رادەستکردنەوەی تەرمی پاسدارێکی ئێرانی بەناوی موحسین حوجەجی بە ئێران، سێسەد چەکداری خۆیان لەگەڵ بنەماڵەکانیان لەناوچەی قەلەمونی لوبنانەوە بەرەو دێرەزور لەنێوان عێراق و سوریا بگوازنەوە. ئەم رێککەوتنە لەم کاتەدا دەتوانێ هەڵگری ئەم پەیامانەی خوارەوە بێ:

١. دوورخستنەوەی شەڕ لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حیزبوڵڵای لوبنان.

٢- تۆڵەکردنەوەی بەشار ئەسەد لە ئەمریکا کە پێشی لە هەڵاتنی هێزەکانی داعش لە عێراقەوە بۆ سوریا نەگرتبوو.

٣- هاتنەوەی داعش بەرەو دێرەزور دەبێتە هۆی ئەوەی شەڕ لە ناوچە کوردستانییەکانی سوریا واتا رۆژئاوای کوردستان کە ئێستا ئەمریکا پشتیوانییان لێدەکات چڕتر بێتەوە و بەشار ئەسەدیش بەناوی شەڕی داعشەوە ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکاتەوە، هەرچەند پێشتر رۆژئاوای کوردستان بە رێککەوتن لەلایەن بەشار ئەسەدەوە درایە پەیەدە.

٣- گریمانەیەکی دیکە دورخستنەوەی داعشە لە ناوچە شیعە نشینەکان و هێنانەوەی دووبارەیانە بەرەو ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق.

٤- پاش ئەوەی کۆریدۆری تاران - بەیروت لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە تێک درا بۆ ئەوەی رێگایەکی وشکانی بەرەو هاوپەیمانەکانی و بەرەو دەریای سپی ناوەراست بۆ خۆی بکاتەوە_ هەرچەند ئەو کۆریدۆرە پێشتر لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە تێکدرا لەوەی کە ئیزنی بە ئێران نەدا لە رێگای کوردستانەوە رێڕەوێک بەرەو سوریا بکاتەوە_ ئێستا دەیهەوێ بە بەهانەی هێزەکانی داعش لە رێگای حەشدی شەعبییەوە ئەو رێگایە بەرەو لوبنان بکاتەوە کە گومانم هەیە لەمەشیاندا بەئاسانی بتوانێ ئەو پلانەی جێبەجێ بکات چونکە لەمێژە ئەمریکا بەو خەونەی ئێرانی زانیوە.

٥-لەهەموو ئەو ئەگەرانە بەهێزتر ئەوەیە کە هاتنەوەی چەکدارانی داعش بەرەو دێرەزور واتە سنووری عێراق و سوریا دەبێتە سەرەتای هاتنەوەی داعش بەرەو ناوچە کوردستانییەکانی باشووری کوردستان کە رەنگە هەندێ هێزی کوردیش بە ئەجندای ئێران رێگەخۆشکەر بن بۆی.

هەروەک هەموو لایەک ئاگادارن کەمتر لە سێ حەوتووی دیکە لە کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەڕێوە دەچێت، ئەم مەسەلەیە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە کۆماری ئیسلامی تووشی سەرئێشە کردووە و خەوی لە چاو زڕاندوون، هەربۆیە دوای ئەوەیکە نەیانتوانی لە ئاراستەکردنی داعش بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان سەرکەوتن بەدەست بێنن، ئەمجارە و لەم کاتە هەستیارەدا کە پاش سەد ساڵ گەلی کوردستان دەیهەوێ هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بنێ و کۆتایی بە سەد ساڵ نەهامەتی و دەربەدەری و ژینۆساید و زیندانی کردن و ئەشکەنجە و ئازار بێنێت، دەیانهەوێ دووبارە ئەم گەلە بەش مەینەتە بە شەڕێکی دیکەوە سەرقاڵ بکەن تا پێش بە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بگرن، بۆ ئەم مەبەستەش باشتر و ئاسانتر دەتوانن لە رێگای حەشدی شەعبییەوە داعش بخزێننە ئەو ناوچانەی شمولی مادەی ١٤٠ دەکات تا هەرهیچ نەبێ گشتپرسی لەو ناوچانە دوا بخەن. ئەوەی دیارە و بەئاشکرا دەبینین ئەوەیە کە شەڕی حەویجە دواخرا بۆ ئەوەی بە بیانووی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجەوە هێزێکی زۆر لە سپای عێراقی و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بهێننە ئەو ناوچانەی کە کورد بە خوێنی هەزاران رۆڵەی ئەم نیشتمانە کۆنترۆڵی کردۆتەوە، ئێستاش کە پرسی ریفراندۆم لەئارادایە ئەو گریمانەیە بەهێزتر دەبێ کە داعش لە رێگای حەشدی شەعبییەوە بەرەو سنوورەکانی کوردستان پەلکێش بکەن و دواجار بەناوی شەڕی داعشەوە هێزەکانیان بهێننە ناوچە کوردستانییەکانەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم گریمانانە و هەستیاریی دۆخەکە پێویستە سەرکردایەتی کوردستان زۆر بە وشیارییەوە لە رووداوەکان بڕوانێ و پێش لەهەر سناریۆیەکی چاوەڕوان نەکراوی کۆماری ئیسلامی و نەیارانی کورد بگرێ.

# توتالیتاریزم وکۆمەڵگا

ڕۆژبین . بۆکان



مۆنتێسکیۆ دەڵێ : دیکتاتۆر کەسێکە بۆ لێکردنەوەی سێوێك، دارەکە لە ڕیشەوە هەڵدەکەنێ. بێ‌شك تا دنیا بە دنیا بووە دەسەڵاتداریەتی و بەڕێوەبردنی حکومەت و میرایەتیی هەبووە و هەر دەشبێ . بەڵام ئەوەی جێگای لێوردبوونەوەیە چۆنیەتی ئەو حکومەتەیە و چلۆنایەتی کارگێڕی و کەڵك وەرگرتن لەو دەسەڵاتەیە. لە ڕابردوودا دەسەڵاتەکان زۆرتر کارتێکەری توێکڵییان لە سەر کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی هەبوو، بەڵام ئێستا – یانی لە سەدەی هەژدە و نۆزدە بەملاوە ــ واتە دوای جێگیربوونی دەوڵەت ــ نەتەوە و هاتنە ئارای حکومەتە مودێرنەکان ، دەسەڵاتەکان دەوڵەتێکی ڕووکاڵی وخوازراوێکی ئاسایی نەبوون ؛ بەڵکوو ئەو جار سیستمێکی مۆدێرنی فکری و ئەندێشەخوازی تایبەتی بوو و کاریگەریی لە سەر ستراکچێری گشتی کۆمەڵگا و بیرۆکەی تاکی کۆمەڵگا هەبوو . ئیدی ئەمجار ئیدئۆلۆژیێکی تایبەت بە خۆیی و پەسندی خۆی ڕەچاو دەکرد و بە پڕۆپاگەندەو هەوڵێکی هەمەلایەنانە لەو پێناوەدا تێدەکۆشا و ئیستراتێژی و تاکتیکی خۆشی هەر لە سەر ئەو بنەما فکری و ئیدیۆلۆژییە پۆلێن‌بەندی دەکرد .

ئەوجار ڕێکار و ڕێچکەشی بۆ کۆمەڵگا دەست نیشان دەکرد و نەتەنیا کاریگەری لەسەر ڕواڵەت و ڕەوتی ئاسایی و بژێوی ژیانی کۆمەڵگا دادەنا، بەڵکوو ئەوجار هەست و ئێحساس و دەروونی مرۆڤەکانیشی دەخستە ژێر چەتری هێژمۆنی ئەندێشەی خوازراوی خۆی و بەپێی بنەما فکری و فەلسەفییەکانی حکومەتەکەی دەستی لە توێکڵ و کاکڵی کۆمەڵگا وەردەدا . وردە وردە دەسەڵاتە ئیدئۆلۆژخوازەکان ، چەشنە دیکتاتۆرێکی توندئاژۆ و توتالیتاریزمێکی بنەماخوازی وشك و چەقبەستووی هێنایە مەیدانەوە . بە قەولی خۆیان ئەمڕۆ دەستوور لە خاوەندەکانەوە وەردەگرن .

حکومەتە دیکتاتۆر و تاك ڕەهەندەکانی ئێستا ، ئەوندەی بۆ کارتێکەری لە سەر جەستەی مرۆڤانی کۆمەڵگا هەوڵ ئەدەن، سەد هێندە هەوڵیانە بۆ ڕەهەند لێدان لە دەروونی کەسەکان؛ گەرەکیانە شوێندانەربن لە نێو ناخو دەروونی کۆمەڵ ، سایکۆلۆژی و ڕۆحییاتی مرۆڤەکان تاکوو بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەرجەستەی بکەن و هێژمونی سیاسیخوازی خۆیان بکەنە گوتاری زاڵی سەرتاکی کۆمەڵگا و جگە لە بەرژەوەندی و قازانجی پێویستی خۆیان، نەهێڵن هیچ بیرو هزرێکی نوێ و جیاواز چرۆ بکات .

لە ڕێبەر هەتا ئەندامی هەرەخوارێی شابەندی ئەو جۆرە ڕێژیمانە ، تەنیا و تەنیا یەك شت دەبینن . یەك ڕەنگ، یەك دەنگ، یەك بیر، یەك ڕەگەز، یەك ئایین، یەك بۆچوون ، یەك زمان و هتد . هیتلێرو هیملێری هاوڕێ و هاوبیری، ئاشقی ڕەنگی ڕەش‌و ماتەمین بوون. ئیستالین ڕەنگی سووری لا پیرۆز بوو. هەر بەو پێیەش کۆمەڵگا بەرەو ئەو لایەنە هان دەدرا. هەموو حکومەتە تاك ڕەهەند و دیکتاتۆرخوازاەکان، هێمای تایبەتی و پێناسەی ڕوون و زەق و بەرچاویان هەیە. چونکە لە باری دەروونی و سایکۆلۆژییەوە خاوەن نەخۆشی خۆبەکەمزانین و هەڵگری ئازاری دەروونی و گریمانەی سەردەمی منداڵی‌و دەورانی سەرهەڵدانی ژینی چەوتی خۆیانن. جا لە وێنەو ڕەسمی جۆراوجۆرەوە بگرە هەتا پەیکەرە و گەورەکردنەوەو زەق کردنەوەی دروشم و قسەو وتەی بێ بایەخ و بێ‌بنەمای گەورە و ڕێبەر و ئایدیۆلۆژیەکەیانە .

## کەم دیکتاتۆرو توتالیتاریزم‌خواز هەیە هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە نەبێ :

**١-** تاك ڕێبەر یان تاك حیزب

- هەوڵ بۆ هەناردەکردنی ئیدیۆلۆژی خویان و بەجیهانی‌کردنی فەلسەفەی مێتافیزیکی بوونیان! و لە لۆکاڵی‌دەرهێنان و بە گلۆباڵی‌کردنی بیرۆکە و ئەندێشەی تاك‌ڕەهەندو توندئاژۆییان. ئیستالین کومینتێرنی دامەزاند، هەموو هەوڵی ئەوە بوو جیهان بخاتە ژێر چەتری سووری سوسیالیزمەوە. هیتلێر بە بیانووی ئەوەیکە ڕەگەز و نژادی ژێرمەن مەزنترن و باشترین توخمی ئینسانین و دەبێ سەروەری جیهان بن و باقی مرۆ و نەتەوەکانی دیکەی ئەم گۆی زەوییە خزمەتکاریان بن وئاو بکەن بە دەستیاندا .

ئیسلامی ڕادیکاڵی دەڵێ: سنوورێك بۆ حکومەتی ئیسلامی نییە، یانی لە هەر کەرەستە و ئامرازو فێڵ و تەڵەکەیێك کەڵك وەردەگرێ بۆ هەناردەکردنی ئیسلام بۆ چوار قوڕنەی دنیا. جارێك بە تۆقاندن و تۆقاندنەوە، بە گژیەکترداکردنی نەتەوەکان. ئاژاوەو دووبەرەکی و سەدبەرەکی‌نانەوە، هەم لە ناوخۆی وڵات و هەم لە دەرەوەی وڵات.

**٢ــ** هەموو کۆمەڵگا بە تاوانبارزانین و بە ڕوانگەیێکی شك و گوماناوییەوە تەنانەت لە کارگێڕان و دەورووبەری خۆڕوانین؛ بەگشتی بەقانەکردن بە هیچ کەس؛ وەك لە قەدیمەوە ئەو قسە بێ‌بایخە باو بووە :« ئینقلاب و شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆشی دەخوات.» چونکە گەورەترین کێشەو ئاریشەی دیکتاتۆری تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، لەناوبردنی ئەو کەسانەیە کە یاریدەو هاوکارو ڕچەشکێن بوون بۆ پێکهێنانی حکومەت. ئاڵتێرناتیوی ئەو کەسانەش مرۆڤگەلێکی نەزان و سەرەڕۆ و تامەزرۆی کورسی و دەسەڵات و گەمژەن.

**٣ــ** هەروەها لە قاموسی دیکتاتۆریدا ڕێبەر تاکە کەسێکە قەت هەڵە ناکات بەڵکوو هەڵەو چەوتییەکان ڕاست دەکاتەوە؛ ڕێبەر قارەمانە، کاریزمایە، جیا لە دەستووری وڵات بۆخۆی سەرچاوەی دەستووری گشتییە ، هەموو خراپی‌و گەندەڵی‌و بەڵاو ئاوسان و هەزاران دەردی بێ دەرمان تەنیا و تەنیا خەتاو تاوانی هاوکاران و ژێردەست‌و کاسەلێسانی ڕێبەرە، لە بەرانبەریشدا هەموو سەرکەوتنەکان و بە ئاکام گەیشتنەکان بەرهەمی فکری ڕێبەرە. هەربۆیە ئیدی ڕێبەر دەبێتە ئەفسانە و بەقەولی "ئینیا تسیۆسیلۆنێ" کە لە کتێبی مەکتەبی دیکتاتۆرەکاندا دەڵێ: «ڕێبەر دەبێتە ئەفسانەی تاکی خۆبە زلزان .» جارێك دەبێتە "سێبەری خودا" و جارێك دەبێتە "نوێنەرو جێبەجێکاری فەرمانی خودا".

**٤ــ** درۆ ! بەڵێ درۆ، دەتوانین بڵێین ئەوکردارە« درۆ» بنەمای هەموو فکر و کردار و تێم و تیئۆری و پڕاکتیکی تاکتیکی داڕێژراوی جەستەی نگریس و وەیشوومە ئاسایانە. هیتلیر دەڵێ:«تەنانەت ئەگەر دوژمنیشت نییە وای نیشان بدە کە وڵات لە مەترسیدایە، چونکە تاکوو کۆمەڵگا زۆرتر بترسێ باشتر ئامادەیە بۆ کۆیلەبوون، بۆ پەیڕەوی‌کردن لە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات» هیچ دیکتاتۆرێك نییە درۆی تایبەتی خۆی نەبێت، ترسناکترین درۆش درۆی ئایینیە چونکە لە دەروونی مرۆڤەکاندا زوو جێگیر دەبێ و زووتر فریوخوردە دەبن.

یەکێك لە خراپترین درۆکانی ئایینی درۆی « تەقیە»یە کە چەشنە درۆیێکە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵی ڕادێن و پێی پەروەردە دەبن.

لەم سەردەمە مودێرنیتەی دونیادا بە درۆ و بە گاڵتە لە پێکهاتەی گشتی دێموکڕاسیش کەڵك وەردەگرن، یانی درۆکانی دیکتاتۆریش مۆدێڕن‌تر بووە، یەکێك لە فاکتەرە بەرچاوەکانی دێموکڕاسی هەڵبژاردن و دەنگدانی ئازادە، هەموو دیکتاتۆڕەکان بە لەونێك و شێوەی دێموکڕات بوونی خۆیان! بەڕێوەی دەبەن؛ سەدام حسێن تەنیا چەند مانگ پێش لە تێکەوە پێچرانی، لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا زیاتر لە نەودوپێنج لەسەدی خەڵك دەنگی پێدابوو! هەر ئێستا لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا ساڵ نییە هەڵبژاردنێکی جۆراوجۆر و پۆپۆلیستی بەڕێوە نەچێ. یاسا درۆ، دەنگ درۆ، بەربژار درۆزن، درووشمەکانیش خەیاڵی و درۆ! بە قەولی گارسیا مارکز :«دەنگدان بە درۆی سیاسییەکان بێ‌شك کۆمەڵگاییێکی درۆزنی لێ بەرهەم دێت.» وەختایەکی کۆمەڵگا باوڕی بە درۆی دیکتاتۆر کردو سیاسەتی نەنووسراوەی ئەوی ڕەچاو کرد، ئیدی ئەخلاقی مرۆڤایەتی تێکدەڕمێ و شیرازەی پێوەندییە دێرینەکانی کومەڵایەتی تێکدەچێ و بە قەولێك کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە و سەگ ساحێبی خۆی ناناسێ، لە ئەسڵدا نایەوێ بیناسێ. پێم خۆش بوو لەنگەرێکی تایبەت لەسەر سیاسەتی نەنوسراوە بگرم، چونکە بەڕاستی جێگای سەرنج و لێوردبوونەوەیە. وەك : ناوچەکان یان شارەکان گاڵتە بە کلتوور و دیالکتیك و ڕەفتاری ئاسایی ڕۆژانەی یەکتری بکەن؛ یان لە نێو خەڵك وا نیشان بدرێ کە هەموو کارمەند و ئەو کارگێڕانەی لە ئیدارەکاندا دەوامی ئاسایی دەکەن، بەجۆرێك خۆفرۆش و دەست و پێوەندی ڕێژیمن و واباشە خەڵکی ئاسایی باوڕیان پێ نەکەن و دوورەپەرێز بن لێیان. هەربەو شێوەیە دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە لەنێوان چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا، ئاکامەکەی یەکدەست نەبوونی کۆمەڵگا و باوڕنەکردن بە یەکتری و داڕشتنی گەرای بێ باوەڕی و ڕق و دووبەرەکی لێدەکەوێتەوە و ئیدی ئەو جۆرە کۆمەڵکا نەخۆشانە مەترسی سەرهەڵدان و بەربەرەکانی زۆر بە کەمی لێدەکەوێتەوە ، ئەگەر لێشی بکەوێتەوە نوقوستان و سەرەنگرێ دەیگرێ و ئاکامێکی دڵخواز و پوزەتیڤی لێ ناخولقێ. وەك شۆڕشەکانی ئەم چەند ساڵەی بەهاری عەرەبی، هەموو دەزانین هیچ کام لەو شۆڕشانە داخوازییێکی ئەرێنی و دێموکڕاسییەتی مسۆگەر نەکردووە و هەموویان بە شێوەییێك بەلاڕێدا براون. چوونکە ساڵەهای ساڵە مێشك و ئەندێشەی مرۆڤانی ئەو کۆمەڵگایانە لە ژێرباری قامچی درۆ و باوەڕبەخۆنەبوون و باوەڕبەیەکترنەکردندا تلاوەتەوە. ئەیامێکی دێرینە ئەو خەڵکە خەریکی پاشقولدانی یەکتری و فێڵ‌وتەڵەکەن، ئەو کۆمەڵگایەی کە کڵاوی عیسا لە سەر موسا دەکات و مسقاڵە زەڕەیێك بە سەر یەکتریەوە ناچن ئایا بە شەوێك و دوو شەو دەبنە برا و بڕبڕەی پشتی یەکتری؟ بە قەولی پێشینییان: هەتیمچە بە ماڵ دەبێ بەڵام بە پیاو نابێ.

**٥ــ** لە درێژەی پۆلین‌بەندی کردنی پێناسەی دیکتاتۆر و توتالیتێری پاوانخوازدا خاڵێکی دیکەی جێگای ئاماژەو لێوردبوونەوە ئەوەیە، وەك باس کرا ئەو جۆرە ڕێژیمانە بەهۆی سەرەڕۆیی‌و سەرشێتییەوە گەرای ترس دەچێنن، چوونکە خۆیان دایمە لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێدا دەژین و ئەو فاکتە بەشێکە لە جەستەو ڕۆحی جیانەکراوەی نگریسیان، هەربۆیە ستراکچێر و تەواوەتی داڕێژەی حکومەتەکەیان لە جەغزێکی پێچەڵاوپووچی هەزار بە هەزاردا بنیات ناوە؛ دیکتاتۆر حکومەتێکە لە سەر یەك دەرگا دەکرێتەوە بەڵام لە پشت ئەو دەرگایەدا سەدان دەروازەو شوورەو کەلێن و قوژبن و داڵانی تاریك و تنووکی لێدەکەوێتەوە. لە ئەساسدا فەلسەفەی مان و بوونی ئەو جۆرە ڕێژیمانە لە هەبوونی وەها « قەڵاییێکی بلوورین» دایە؛ هەتا وەختاییێکی کۆمەڵگا لە ڕەمزو ڕازی ئەو قەڵا سەربەمۆرە بێ‌ئاگایە دیکتاتۆر لە کەشم و نەشم و جیفرك لێداندایە. یانی بێ خەبەری و گوێ لە مست بوون، سەرکوت‌و خەفەقان‌و تەڕاتێنی دەستەودایەرەی خۆویست و بەرژەوەندیخواز. کۆمەڵگا دەبێتە بوونەوەرێکی بێ‌دەسەڵات و ناهۆمێد و دۆڕاو. ئینسانەکان دەبنە ڕوباتێکی مکانیکی« ئەمرپێکراو»، بێ‌ئەوەی لە داهاتووی خۆی‌و کۆمەڵگاکەی تێفکرێ هەموو خاڵە ورد و درشتەکان جێبەجێ دەکاو نۆبەبڕیشی بۆ دەکا. لە وەها قەیرانێکی تاقەتپڕووکێنی ڕۆحی گەلێکدا دووبەرەکی‌نانەوە زۆر زوو مسۆگەر دەبێ‌و چین و توێژەکان بە ئاسانی کەلێنیان دەکەوێتە بەین؛ بەرچاوترین کەلێن و دووبەرەکی کەلێنی نێوان دارا و نەدارە.

بەڵام دیکتاتۆر ئەو کەلێن‌و دژبەرییە بۆ ساز دەکا؟ چوونکە لە نێوان دەوڵەت – نەتەوەدا کەلێنی قووڵ ساز بووەو دیکتاتۆری تێکنۆکراتیش نایهەوێ و ناشتوانێ ئەو کەلێنە پڕ کاتەوە و متمانەو ئاشتەوایی ساز بکا، ئەگەر بە حاڵ کەلێنێك بە دەربیجەی ڕزیوی حکومەتەکەی بدا بەرەو دنیای ئازاد و هەوای ئازاد، ریسەکەی لێ دەبێتە خوری و گوڵۆڵەی دەکەوێتە لێژی؛ دەیەی پەنجای هەتاوی شای ئێران بە خواستی کارتێر و ڕۆژئاوا ئەو کارەی کرد بەڵام بۆی کۆنەبووەوەو بوو بە چیرۆکی «سەرەمەڕە». جا بۆیە بە پاشاگەردانی و دووبەرەکی سازکردن و سەرقاڵ‌کردنی چین و توێژی هەژار و دەست تەنگ و بەتایبەتی چینی مامناوەندی «ڕۆشنبیر» و شوێندانەر هەم تەمەنی حکومەتەکەی درێژ دەکاتەوە و هەمیش لە هێوری و نەشڵەقان و سەرهەڵنەدانی کۆمەڵگا ئارخایەن دەبێ.

**بۆ نموونە :**

- جەماوەر سەرقاڵی ئیش و کاری بێ‌بایەخی ئیداری دەکەن و لە کاغەزبازی و بروکراتیکی ئیداریدا ماندوو و شەکەت و سەرلێشێواوی دەکەن. بەئەنقەست کارێك دەکەن خەڵکی خوداخودای بێ هیچ کارێکی ئیداری – حکومەتی بۆ نەیێتە پێشێ، بەتایبەت کاری ئیدارە ئەمنییەکان.

- دامەزراندنی خەڵکی بە گشتی‌و لاوان بەتایبەتی لە ئیدارە حکومییەکاندا دەبێ حەتمەن بە شێوەیێك بیسەلمێنن کە سەر بە دەزگای دەسەڵاتدارن و بە لەونێك هەوڵ دەدەن خزمەت بکەن بۆ وەدیهاتنی ئامانجە بەرزو گشتییەکانی ئەو حکومەتە؛ بەگشتی دەبێ خویان وا نیشان بدەن کە سەر بە ئۆرگانێکی ئەمنیەتی یان نیزامی ئەو ڕێژیمەن. جا بە واژۆکردنی فۆڕمێکی فەرمی، یان سەر بە ئیدارەیێکی ئەمنی ڕێژیم بێ یان بەجۆرێك خزم و قیلەی نزیکی خۆی لە خزمەت ئەو دەسەڵاتەدا ئیش و کاری خۆبەخشانەی کردبێ: لە حکومەتی نازیسمدا دەبوو بەجۆرێك لە خزمەت ئەرتەشی« ئێس ئێس» یان باقی دەزگا ئەمنییەکاندا بووبێتی. یان لە دەورەی فاشیسمدا لە خزمەت دارو دەستەی موسێلێنیدا بووبی. لە شۆڕەوی دەبوو لاقێکت لە خزمەت کا.گێ.بێ. یان ئەرتەشی سووری کرێکاریدا بووبێ. هەروەها لەم سەردەمەدا لە عێراقی دوێنی و سووریەی ئەمڕۆ دەبوو و دەبێ ئەندامی حیزبی بەعسی سەدامی ئەفلەقی و ئەندامی حیزبی بەعسی بنەماڵەی ئەسەد بی.

**٦ -** پەرەپێدانی پەتای گەندەڵی، تۆ حکوومەتێکی دیکتاتۆری شك نابەی کە نەخۆشی گەندەڵی وەك شێرپەنجە تاکوو مۆخی ئێسقانی ڕیشەی دانەکوتابێ و لە ڕەگاژۆدا نەبێ. ئەو گەندەڵییەش یەك جۆر و دوو جۆر نییە، بەڵکوو بەقەد ژمارەی ئیدارە حکومی و ناحکومییەکانی ئەو ڕێژیمانەدا هەڵتۆقیون و وەك خۆرە کەوتوونەتە گیانی جەماوەری کۆمەڵگا. ئەوەش دەستێکی ئەنقەستی لە پشتە تاکوو ڕق و قین و دووبەرەکی بنێنەوەو فرسەتی پێکەوەژیان و برایەتی و یەکگرتوویی لە خەڵك بستێننەوە.

**٧ –** ئیدارە و ئۆرگانە حکومییەکان: لە ئۆتۆریتەی ئەو ڕێژیمانەدا پرۆسەی هەوڵدان و بەئامانج نەگەیشتن یان بەئامانج نەگەیاندن چەمکێکی تایبەتی و یەکێ لە ڕوکنە سەرەکییەکانی فەلسەفەی بوونی ئەوانە.

# سەرنجێک لە بایەخ و دیاردە مودێڕنەکان لە ئێراندا

کەیوان دروودی

یەکێک لە گرینگترین هۆیەکانی لەسەرپێ‌مانەوەی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، خۆگۆڕینێکی ڕواڵەتییە بەدەم داهاتنی ئەو چەمک و پارادایمە نوێگەلەی کە بە تێپەڕبوونی کات لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا بەبایەخ و پێگەدار بوونەتەوە و وەک نەزمێک/ نۆرمێکی گشتگیر سنوورەکانیان تەنیوەتەوە کە ئێرانیش بەشی خۆی لەم شەپۆلەی بەرکەوتووە. لەڕاستیدا ئەگەر بچینە بنەوای ئەم پرسە بەو ڕاستییە دەگەین کە نەپێوانی بڕگە و قۆناغە هەستیار و شوێندانەرەکان لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ـ کە لێرە پێکهاتەکانی دانیشتووی جوغرافیای ئێران مەبەستە ـ وایکردووە کە ئەم بەهاگەلە نە وەک نۆرمێکی ڕسکاو و ڕەچەڵەکدار بەڵکوو وەک سووژەگەلێکی هاوردە بێ ئەوەی پێشمەرجەکانی ڕەچاو کرابێ؛ بە جەبری ڕەوتی بەجیهانیبوون شوێن‌پێی لە شەقام و ڕای گشتیدا کردووەتەوە، بەو واتایە کە تەنیا فۆڕمی ئەم بایەخگەلە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە نێو کۆمەڵگە بەدی دەکرێت و لە ڕەهەندی چییەتییەوە لێوانلێوە لە چەوتی و ناتەواوی. بۆ شیکردنەوەی ئۆبژەکتیڤ، نموونەیەک لەم بابەتە دێنینەوە:

● **کۆمەڵگەی مەدەنی:**

ئەوە حاشاهەڵنەگرە کە کۆمەڵگەی مەدەنیش وەک زۆرینەی بەها ئەوڕۆییەکان چەمکێکە کە لەسەر دیاردەیەکی بەرهەست و عەینی لە نێودڵی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی هاتووەتە دەر. بەو واتایە کە پێشخانێکی مێژوویی لەرووی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ چاندیەوە بووەتە هۆی دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە و دواتر ناوی لەسەر نراوە و وەک چەمکێک کەوتووەتە نێو فەرهەنگی زارەکی و کولتووری ئەو گەلانە. لە بنەڕەتەوە بەر لە هاتنە کایەی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵێک نۆڕمی چەسپاو هەبووە کە وای کردووە لەسەر ئەم بەکگراوندە، ئەم دیاردە سەرهەڵبدا، بۆ نموونە یەکسانی، مافی هاونیشتمانیەتی و حکوومەتی یاسا. ئەگەر یەکسانی نەوەک نێوئاخنە ئایدیالیستییەکەی بەڵکوو وەک ئەو یەکسانییەی لە یاسا باو و ئەوڕۆییەکاندا هەیە لەبەرچاو بگرین، بەو ڕاستییە دەگەین کە لەپێش هاتنە ئارای کۆمەڵگەی مەدەنی ڕیزبەندێک لە زنجیرە پلەی رووداو و گۆڕانکارییەکان سریالێکی پێکهەڵپێکیان دروست کردووە کە بووەتە سیکلێک لە هۆ و بەرهۆ هەتا بەدەم رسکانی یەک دوای یەکی گەیشتووەتە بەرهەمێک کە ناوی کۆمەڵگەی مەدەنی لێ نراوە.

لە دەیەی رابردوو و دوای ئەوەی ژوورە "هزرییە"کانی حاکمییەت وارەوارە هەستی بە سرتە و دەنگۆی بڵاوبوونەوەی ئەم چەمک و بایەخگەلە لە نێو بڕێک لە توێژە کۆمەڵایەتییەکان کرد، سەرەتا هەوڵی‌دا کە بەپێڕەوی ئیدیۆلۆژی خۆی بکەوێتە جێخستنی پێناسەی خۆی سەبارەت بە چییەتییان، هەروەک زۆرینەی ڕەهای ویژمان و مەکتەبە ئۆرووپاییەکان هەوڵدرا ئەم چەمک و بایەخانەش بە هێرشی ڕۆژئاوا بۆ لە خشتەبردنی ستراکچێری کۆمەڵگەی ئێرانی لەقەڵەم بدرێ، بەو بۆنەوە گەلێک دەستەواژەی نامۆ و سەیری هێنایە نێو پانتایی دەزگای پرۆپاگاندەی خۆی، لەوانە: هێرشی کولتووری، دزەکردنی هێمنانە، لێکترازاندنی بنەمای خێزان و هتد؛ بەڵام ئەم پانیکە وڵامدەر نەبوو و لانیکەم لای زۆرینە بەهێند وەرنەگیرا. ئەمە بوو کە دواتر دەسەڵات بەدوای چارەسەرێک بۆ پێش پێگرتنی لافاوی بزۆزی ئەم دیاردە گەڕا و لە دۆکتۆرینێکی تردا ئەم کەڕەت رووی کردە هاوگوێڕەسازی و پووکاندنەوەی نێوەڕۆکیان. هەر لەسەرەتاوە دەستیان کرد بە دامەزراندنی بەلێشاوی ڕێکخراو و بنکەی جۆراوجۆر لەژێر چاوەدێری ناراستەوخۆ یان جاری واش بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆی لقەکانی گرێدراو بە دەزگای حاکمییەت. بۆ نموونە سەرجەم ئەو ڕێکخراوانەی کە ناو و دەستەواژەی دانراوی سپای پاسدارانیان لەسەرە یان ئەوانەی لەژێر ناوی سووژە و ئەکتەرە ئایینییەکانی تێرمینۆلۆژیی حاکمییەت دەستیان دایە هەڵسووڕان بەشێکی گەورە لەم پرۆسەیە بوون. لەپاڵ ئەم ئەجێندا ڕێگەپێدراوەدا بڕێک بنکەی تر لەلایەن هەڵسووڕاوانی مەدەنییەوە دامەزران، بەڵام ئەمجارەیان ڕێوشوێنیان بۆ دیاری کرا و پانتایی چالاکییان بۆ بڕێک بیاڤی "بێ‌مەترسی" بەرتەسک و سنووردار کرایەوە. ئەم بوارانە لە ژینگەپارێزی، خێرخوازی و هەرەوەزیی سنووردار بوون کە تەنانەت لەمانەش ئەوە دەسەڵاتە کە چۆنییەتیی و چەندایەتییەکەی دیاری دەکات. لە نموونە پارادۆکسیکاڵەکانی دەرکەوتە کردارییەکانی ئەم دیاردە دەکرێ ئاماژە بە چەند نموونە بکرێ:

● **پاراستنی ژینگە:**

لە یەک دەیەی رابردوودا هەوڵی چاندنی نمام لە لێڕەوارەکاندا جێی پێی خۆی لەنێو جەماوەردا کردەوە، بەڵام هاوکات بوو لەگەڵ سووتاندن و لەنێوبردنی دارستانەکان بە تۆپباران و ئاگرتێبەردانی دەزگا نیزامییەکان کە هیچ کاردانەوەیەک لەلای دامەزراوە خەڵکییەکان بەدواوە نەبوو. ئەمە خۆی واتە ئەو هێڵە سوورەی کە حاکمییەت دیاری کردووە، بەدیوێکی‌تردا خەڵک بۆی هەیە ژینگەپارێز بێت بەڵام تا ئەو شوێنەی کە دەسەڵات بە بەرپرس (تاوانبار) نەناسێنێت! لێرە ئەو کەمایەسییە دەردەکەوێ کە باس کرا، بەو مانایە کە جەماوەر لە بەریەککەوتنی لەتەک دەسەڵات خۆدەبوێرێ و دەسەڵات نەک بەرامبەر بەڵکوو لایەنی باڵادەستی جەماوەرە. (۱)

ئەوەیکە لەم فاکتانە وەلانراوە کە بۆ شارەزایان و چاوەدێران جێی لێوردبوونەوە بووەتە خاڵە جەوهەرییەکان. سڕینەوەی فەلسەفەی وجوودیی ئەم دیاردە بە یارمەتیی زۆری باسکە داپڵۆسێنەرەکانی سیستمی حاکمییەت و تا رادەیەکیش بەناو چالاکڤان و جەماوەری دیکتاتۆرلێدراو ئەوەندە بە دڵخوازی ڕێژیم بوو کە تێچووی زیاتری بۆ ماکێتسازی و هاوگوێڕەسازی تەرخان کرد و لە ماوەیەکی کورتدا سەدان لاپەڕەی سێبەر دەستیان بەسەر ئەتمۆسفێری سایبێریدا گرت. چەواشە، سەفسەتە و پرۆپاگاندا باڵی بەسەر کەشەکەدا کێشا و ئەو وردە بنکە و دامەزراوانەش کە بە هەوڵی هەڵسووڕاوانی خۆڕسک هەڵتۆقیبوون لەم ناوە نوقمەسار کران. بەڵام بۆچی لامان وایە کە فەلسەفەی کۆمەڵگەی مەدەنی سڕدراوەتەوە؟ ئاخۆ ئەمە بەو واتایە دێت کە هەڵسووڕاوان لەم ماراتۆنە هەناسەبڕە وەپاش کەوتوون؟ (۲)

سەرەتا بەرچاوروونییەک لەم بارەوە: بەکورتی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆڵەکەیەکی راگری هاوسەنگییە لەنێوان ئیرادەی دەوڵەتەکان و جەماوەر. ئەگەر چاوپۆشی لە کەمایەسیی مەعریفیی ناوهێنانی کابینەکانی ڕێژیم وەک "دەوڵەت" بکرێ و وای دابنێین کە دەوڵەتی ئێرانیش هەر ئەو ستراکچێرە باوە جێکەوتووەیە کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرانسەریدا دەردەهاوێ، تا ئێرە دەوڵەت وەک ئیرادەیەکی لەسەرەوە بەرەوخوار بۆ ئاستی کۆمەڵگە بە باسکە کارا و پراگماتیکەکانی ئیرادەی خۆی لە فۆرمێکی ڕێکخستوو بە پشتبەستن بە یاسا و هێز جێبەجێ دەکات. لەبەرامبەر بنکەی دەوڵەتدا پارلەمان وەک نوێنگەی ئیرادەی جەماوەر هەڵدەکەوێ ـ دیسان ئەوەش وەلابنێین کە لە ئێران لەبنەڕەتدا دامەزراوەیەک بوونی نییە کە نوێنەرایەتی راستەوخۆ و ڕاستەقینەی جەماوەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنێکی ڕێکوپێکدا بکات.. ئەم شێوازە لە تەعامولی ئۆرگانیک بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ پراکتیزە دەکرا تا وردەوردە تاکە هەڵکەوتووەکان هەڵسان بە ڕێکخستنی ناحکوومی (ئین جی ئۆ) بەشێوەی خۆڕسک لە ئاستی قەوارەی کۆمەڵگە. ئەوان لایان وابوو کە ئەمە هەوڵێکە بۆ قەرەبووکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی دێمۆکراسیی ڕاستەوخۆ، بەو واتایە کە جەماوەر دوای هەڵبژاردن هەنووکە و داهاتوو تووشی پاسیڤ بوونێکی جەبری ئەبێت و لەبەرامبەر جمگەکانی سیستمی دەوڵەتدا تووشی مەندی و هەڵوێسان ئەبێ! بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم ناهاوسەنگییە دەستیان دایە ڕێکخستن و بەسیستماتیک کردنی قەوارەی کۆمەڵگە. ئەگەرچی ڕەنگ بێ ئاڵۆزی ئەم دێڕانە نەتوانێ بەوردی پەردە لەسەر مێکانیزمە ورد و هەستیارەکاندا لابدات بەڵام بۆ پێداهاتنێکی کورت و خێرا و لە پانتای ئەم وتارە هەر ئەوەندە ڕێگەمان بۆ دەمێنێتەوە، بۆیە لێرەوە یەکجێ دەچینە ناو بڕگەی کۆتایی. هەروەک باس کرا بۆشایی پێشمەرج یا با بڵێین پێشخانەکانی بێچم‌گرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێو جەماوەری ژێرچەپۆکی تۆتالیتاریزمی حاکمییەتی ئێراندا وای کردووە کە ئێمە لەگەڵ دیاردەی نامۆ و سەیروسەمەرەدا بەرەوڕوو بین. لێرە دەشێت سەرباری گشت ئەو ڕێوشوێنانەی کە لەلای دەسەڵاتەوە بۆ بەلاڕێدا بردنی ئەم پارادایمە سیاسی ـ چاندی و کۆمەڵایەتییە گیراونەتەبەر ـ کە بەراستیش دەکرێ تا ئاستێکی بەرچاو سەرکەوتوو دابنرێت ـ هەر بۆ ئەوەندەی کە توانیویە وەک تەوەرێک تا رادەیەک لە پەرتەوازەیی و تاکگەری لە ناو جەماوەر کز بکات بۆخۆی جێی گرینگی پێدان بێت. بەهەر لەونێک لێی بڕوانین بەروونی دەبینین کە لەپاڵ ڕێکخراوگەلێکی ژینگەپارێزی و خێرخوازیدا ـ کە هەرچەند لە ڕەهەندە هەرە گرینگەکانیش نین ـ ڕێکخراو و کەسانی دیاریش لە ئاخێزگەی ئەم بیاڤەوە هەڵساون بە خستنەڕووی پرسیار، گومان و داواکارییە مرۆیی و مافخوازانەکان، وەک نموونە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و کەسایەتیی جێی ڕێزی وەک محەممەد سەدیق کەبوودوەند توانییان بۆ جارێکیتر ئەوە بسەلمێنن کە لە ژێر قورسترین سانسۆر، سنووردار کردن و هەڕەشەدا خۆدەربخەن و قامک لەسەر ڕەهەندە جەوهەرییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دابنێن. هەر بۆیەش دەبێ وێڕای بوێریی ڕەخنە و شیکاریی وردبینانە ـ بەبێ پارێز لە لۆمە و ئەگەری بڕێک کاردانەوەی لایەنگرانە ـ دوورەدیمەنێکی دڵخۆشکەر و مەنتقی بۆ ئەم ڕەهەندە لە خەباتی جەماوەری وێنا بکرێت کە لە ئەگەری بەستێنی لەبار لە کات‌وشوێنی خۆیدا دەکرێ وەک باسکێکی بەهێزی ئیرادەی جەماوەر سەیر بکرێت. ئەوەی روونە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنیش وەک گشت دیاردە کۆمەڵایەتییە گرینگەکانی‌تر فاکتێکی نەگۆڕ و لەجێ نییە بەڵکوو بزۆزی و دینامیزمی تایبەتی خۆی هەیە و گرینگیی ئەودەم بەرچاوترە کە بزانین سەرجەم ئەم گوتارە نوێگەلە بە تێپەڕبوونی کات بەرەو پوختەیی شێوەگرتنی تەکووز و گونجاوتر دەچن بەتایبەت ئەگەر لە بەرامبەر سیستمێکی داخراوی دواکەوتووانەدا دەستەویەخە بن.



## سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕەخساندنی دۆخی ئانۆمی لە کوردستان

عەبدوڵڵا ڕەسووڵی

ئەگەر لەو ڕوانگەوە سەیری سیاسەت بکەین کە بریتییە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، ئەوا لە گۆشە نیگایەکەوە سیاسەت دەبێتە ئامرازی دەستی دەسەڵاتداران بۆ ئەوەی بتوانن چۆنیان پێ باشە کۆمەڵگا بەڕێوەبەرن. لەم شێوازە سەیرکردنەوە سیاسەت لە جیاتی ئەوەی ببێتە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەبێتە ئامرازێك بۆ پاراستنی ئەو بابەتانەی کە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانە و هاوکاتیش هەوڵ دەدەن بە بەرژەوەندی نەتەوەیی یان وڵات پێناسەی بکەن. لە کۆمەڵگایەکدا کە سیاسەت دەکەوێتە دۆخێکی لەو چەشنەوە، سیاسەت لە جیاتی ئەوەی بتوانێت کارکردە سروشتییەکانی خۆی بە جێ بێنێت کارکردی نەرێنی دەبێ.

ئەگەر ڕێگای ئەوەشمان پێ بدرێت کە بتوانین وەك گریمانەیەك سیاسەت لە دەرەوەی پانتایی کۆمەڵایەتی دابنێین بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندی نێوان ئەم دووانە لە ئاستی ئانۆمیدا شی بکەینەوە، پێویستە بڵێین دوای هەر گۆڕانێکی بناغەیی لە کۆمەڵگا نۆڕم و بەها کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بنچینەیی دەگۆڕێن و نۆڕم و بەهای کۆمەڵایەتی نوێ جێگایان دەگرنەوە. ئەم نۆڕم و بەها کۆمەڵایەتییە نوێیانە بەشێوەیەك بەرهەم دێن و پێناسە دەکرێن و کاریان پێدەکرێت کە لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێن. ئەم نۆڕم و بەهایانە دەبێت ئەوەندە نوێ بن کە بتوانن لەگەڵ سەردەمی خۆیاندا بگونجێن و نابێت بەها و نۆڕمەکان خاوەنی مێژوویەکی کۆن بن و کۆمەڵگاش لە سەردەمێکی جیاوازدا بێت. لێرەوە دژیەکییەك لە نێوان نۆڕم و بەهای نوێ و ئاستی گەشەی کۆمەڵگا دروست دەبێت.

حاڵەتێکی دیکەش کە دەتوانین وێنای بکەین و زۆرتر پەیوەندی بە کۆمەڵگای کوردستانەوە هەیە؛ بەم شێوەیە کە نەتەوەی باڵادەست نۆڕم و بەهای خۆی بە سەر نەتەوەیەکی دیکەدا دەسەپێنێت. لەم حاڵەتەدا هەموو ئەو نۆڕم و بەها کۆمەڵایەتییانەی کە نەتەوەی ژێردەست بە درێژایی مێژووی خۆی کاری پێکردووە لە ماوەیەکی زەمەنی کورت یان درێژخایەندا لادەدرێت و لە شوێنی ئەو بەها و نۆڕمانە دادەنرێت کە نەتەوەی باڵادەست باوەڕی پێی هەیە و لە قازانجی خۆیەتی.

بەپێی ئەو دوو وێنەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد، لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا بە هەر دوو شێواز دەستکاری بەها و نۆڕمە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کراوە؛ یەکەم "کوردستان وەك بەشێکی گشتی لە ئێران"، هەمیشە کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە بەها و نۆڕمەکانی بەپێی ئەو شتەی کە خۆی باوەڕی پێیەتی بگۆڕێت. دووهەم "کوردستان وەك نەتەوەیەکی ژێردەست"، هەمیشە کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە بەها ونۆڕمە کۆمەڵایەتییەکانی بگۆڕێت بۆیە وەك ئەنجامێکی سەرەتایی دەتوانین بڵێین هەوڵدان بۆ گۆڕینی بەها و نۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان دووقات بووە.

لێرە پرسیارێك دێتە ئاراوە، کە پەیوەندی بە سەردێڕی وتارەکەوە هەیە؛ ئەویش ئەمەیە، لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگا چۆن تووشی ئانۆمی (بێ‌نۆڕم و بەها) دەبێت؟ بەشێوەیەکی گشتی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت، بڵێین کە کاتێك نۆڕم و بەهاکان لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگا و لەگەڵ خواستی کۆمەڵگا و لەگەڵ گەوهەری کۆمەڵگا یەك نەگرێتەوە، ئەوا ئانۆمی دروست دەبێت، بە مانایەکی دیکە کاتێك بەها و نۆڕم دەستکرد بێت ئەوا ئانۆمی دروست دەبێت.

هەروەها لە سەرەوە باسی ئەوەمان کرد، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەر دوو ئاراستە هەوڵی گۆڕینی بەها و نۆڕمەکانی کۆمەڵگای کوردستانی داوە، لێرەیە هەست ئەکەی بەها مەعنەوییەکانی کۆمەڵگا بە تەواوی بەرەو نەمان ڕۆیشتوون و لە جیاتی ئەوان بەها مادییە هەستپێکراوەکان شوێنی ئەوانیان گرتووەتەوە. بە مانایەك ئەو ئانۆمییە کۆمەڵایەتییەی کە لە ئەنجامی سیاسەتی حکوومەتی ئێران لە کوردستان دروست بووە دەیان کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی دروست کردووە، کە دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین پێوەری هەڵسەنگاندنی هەموو بەها و نۆڕمەکانی بە مادی هەستپێکراو کردووە و شوێن پێیەکی بۆ بابەتە مەعنەوییەکان نەهێشتووەتەوە.

بۆیە ئەگەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بیهەوێ پێش بکەوێت و ئەم بەشە بەهاسازی و نۆڕمسازی کۆمەڵایەتی پشت گوێ بخات، ئەوە ناتوانێت بەشێوەیەکی جیددی ڕووبەڕووی ئەو ئانۆمییە بێتەوە کە لە کوردستان دروست بووە.

# کرماشان، لانکەی کولتوور و ژیاری مرۆیی لە کوردستان

شەریف فەلاح

بەشی یەکەم

**کرماشان لەڕووی وشەوە:**
بە گوتەی هەندێک کەس وشەی کرماشان لە وشەی (کرمانجان)ەوە وەرگیراوە، کرمانجان یان کورمانجان، یان کوری مانجەکان، ناوی هۆزێک کە پێش هاتنی مادەکان بۆ ئەم بەشە، لەوێ ژیاون. گوایە مانج ناوی هۆزێک بووە کە لەم ناوچەیەدا ژیاون.

کرماشان گەورەترین پارێزگا و هاوکات گەورەترین شاری کوردستانی ڕۆژهەڵات و ناوەندی پارێزگای کرماشانە. بەپێی سەرژمێری دانیشتوانی لە ساڵی ٢٠١٣دا ١٩٩٣٧٠٧ کەس بووە، بەڵام هەندێ سەرچاوە دیکەش پێیان وایە کە ژمارەی شارەکە زیاتر لە یەک ملیون کەس دەبێت و دانیشتوانی سەرجەم پارێزگاکە زیاتر لە دوو ملیۆن کەسە. بەو بۆنەوە بە نۆیەمین شاری گەورەی ئێران، هەروەها گەورەترین شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێردرێت. پانتاییەکەی ٢٥ هەزار کیلومەتری چوار گۆشەیە و گەورەترین شاری کوردنشین لە ئێران و گرنگترین شار لە ناوچەی ناوەندی ڕۆژاوای ئێرانە.

کرماشان لەڕووی جوغرافیاییەوە زیاتر لە ١.٥٪ پانتایی سەرانسەری ئێرانی پێکهێناوە، پانتاییەککەی ٢٤٦٤٠ کیلۆمەتری چوار گۆشەیە و لەباری پانتاییەوە بە هەڤدەیەمین پارێزگای ئێران دێتە ئەژمار. لە باکوورەوە دراوسێی پارێزگای سنە، لە باشوورەوە بە ئیلام و لوڕستان، لە ڕۆژهەڵاتەوە دراوسێی پارێزگای تورک نشینی هەمەدان و لە ڕۆژئاواشەوە بە وڵاتی عێراق و بەتایبەت بە باشووری کوردستان و شاری خانەقینەوە نزیک و دراوسێیە و سەرجەم لەگەڵ عێراق ٣٣٠ کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی هەیە. بەپێی دوایین ئاڵوگۆڕی جوگرافیایی لە ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١١ی زایینی) پارێزگای کرماشان لە ١٤ شارستان، ٣١ شار، ٣١ بەخش (ناحیە) و ٨٤ شارەدێ و لە ٢٧٩٣ گوند پێکهاتووە.

**مێژووی کرماشان**
بەپێی بەڵگە و نووسراوە مێژووییەکان، کرماشان یەکێک لە دێرینترین ناوەندەکانی ژیار و شارستانیەتی مرۆییە. بە پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی ئێران کە بە شێوەی بڕگەیی و قۆناغی جیاجیا، مرۆڤیان تێدا نیشتەجێ بووە، ئەم پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبێ بڕگەی مێژوویی لە قۆناغە جیاجیاکانی کۆنی مێژوودا مرۆڤ تێیدا نیشتەجێ بووە. ئەم ناوچەیە لەسەر شاڕێگەی پاشایەتی، ڕێگەی هەورێشم بووە و بەم بۆنەوە یەکێک لە ناوچە جوگرافییە گرنگ و خاوەن پێگەکان بووە. کرماشان یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی مادەکان بووە و هەتا سەردەمی دەسەڵاتی هەخامنشییەکانیش بە ناوی ماد ناسراو بووە، لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە "مانگ" ناودێر کراوە و هەمان وشەی گۆڕدراوی ماد بووە.

بەهۆ ئەوەی کرماشان یەکێک لە ناوەندە سیاسییەکانی دەسەڵاتی ساسانییەکان بووە، بۆیە ئاسەوارێکی زۆری مێژوویی و بە بایەخی تێدایە کە دەکرێ ئاماژە بە "تاقوەسان، بەردەنووسی بێستوون، ئاورگە و پەرستگەی ئاناهیتا" بکەین. لە ماوەی چەندان سەدەی جیاجیاشدا بەهۆی پێگەی تایبەتیی، کرماشان گرنگییەکی زۆری هەبووە. ئەمڕۆکەش بە یەکێک لە گرنگترین شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژئاوای ئێران لە بواری فەرهەنگی و پێگەی ئابووریدا دێتە ئەژمار. بە گوتەی "هێرتسفێلد، کەونارا و ئێرانیناسی ناسراوی ئەڵمانی، کرماشان لە سەدەی ١٩ی زایینیدا بە دەروازەی ئاسیا ناوبانگی دەرکردووە و ئێستاش لەڕووی کشتوکاڵ، پیشەسازی و نەوت و گازەوە بە یەکێک لە جەمسەرەکان دێتە ئەژمار.

لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا کرماشان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی "سەفارییەکان"دا بووە، بەڵام گرووپێک لە شیعە کوردەکانی کرماشان بەناوی "حەسەنویە" (حکوومەتی ئالی حەسەنویە)یان دامەزراندووە کە نزیکەی نیو سەدە لەوێ دەسەڵاتیان هەبووە.

لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا کرماشان لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانییەوە داگیر کراوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ڕووخانی بەغدا هێزەکانی عوسمانی ئەم ناوچەیەیان بەجێ هێشتووە و دەسەڵاتی کرماشان دەکەوێتە دەست "هێزەکانی هاوپەیمان" و لەم نێوەدا هۆز و عەشیرە ناسراوەکانی کوردی کرماشان لەگەڵ هێزەکانی عوسمانی لە کرماشان دەکەونە شەڕ و ململانێیەوە.

لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوییەوە هەتا ساڵی ١٣٢٠ و هاوکات لەگەڵ هاتنە سەرکاری حکوومەتی ڕەزا شای پالەوی، حکوومەتی ئێران هەتا ڕادەیەک توانی نفووز و پێگەی خۆی لە سەرتاسەری ئێران قایم بکات. لەو کاتەدا سوپای ناوچەی ڕۆژئاوای ئێران کە بریتی بوو لە لەشکری ١٢ی کرماشان و لەشکری ٥، تەنیا هێزێک بوو توانی بۆ ماوەی ٤٨ کاتژمێر لە بەرانبەر هێزە سەربازییەکانی بریتانیا خۆڕاگری و شەڕ بکات.

لەو کاتەدا ناوچەکانی سنە، ئیلام و هەمەدان بەشێک بوون لە (پارێزگای پێنجەم) لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی بەملاوە، پارێزگای کرماشان دابەش کرا بەسەر پارێزگاکانی "کوردستان و کرمانشاهان" و سنە وەک ناوەندی سیاسی و ئیداریی کوردستان دەستنیشان کرا.

ساڵی ١٣٤٣ قایمقامیەتی گشتیی ئیلامیش دامەزرا و ساڵی ١٣٥٣ بەناوی پارێزگای ئیلام لە کرماشان جیا کرایەوە. ساڵی ١٣٤٦یش قایمقامیەتی گشتیی لوڕستان دامەزرا و شارە "لەک نشینەکان"ی پارێزگای کرمانشاهان لە باشووری ڕووباری (سەیمەرە) بە ناوەندێتیی "خورەمئاوا" بوونە پارێزگایەکی سەربەخۆ بەناوی لوڕستان.

کرماشان لەبواری فەرهەنگی، ئایینی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە بە ناوچەیەکی ڕەنگین فرە ئایین و کولتوور ناسراوە و لە هۆز و تیرە و ئێڵەکانی وەک "کەلهوڕ، لەک، زەنگەنە، هەورامی، گۆران، قەڵخانی، زولە، جمور، سنجابی، باجەڵان، ئەمیری و..." پێکهاتووە.

لە بواری ئاسەواری مێژوویی، گەشتیاری و ژینگەییەوە بە دەڤەرێکی دەوڵەمەند ناسراوە و ڕووبار، ئەشکەوت و دۆڵ و دەر و دەشت و شاخ و کوێستانی بژوێن و سەرچاوەی سروشتیی زۆر سەرنجڕاکێشی لە وەرزی بەهاردا دەبێتە هۆی ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ئەم ناوچە ڕەنگینەی کوردستان.

کە ئەشکەوتەکانی "قۆڕی قەڵا گەورەترین ئەشکەوتی ئاویی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەشکەوتی ڕاوچییەکان، ئەشکەوتی حوسێن کۆکەن لە انوچەی گەشتیاریی میگوەرە لە شاری بانوڕە و سەروا نیلووفەر، ناوچەی گەشتیاریی ڕیژاو، لە دیمەنە جوانەکانی کرماشان و دەوروبەری دێنە ئەژمار.

**ئاسەواری تاقوەسان**
مێژووی پێکهاتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی زایینی و هەر لەو سەردەمەوە تا هێرشی عەرەبەکان، وەکوو دوویەمین پێتەختی ئیمپراتووریی ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا جێی سەرنجی حکوومەت بوو. لە سەردەمی سەڵجۆقییەکاندا کرماشان گەورەترین شاری کوردستان بوو و لە سەدەکانی ناوین بە ناوی (قرمیسین) وەکوو یەکێک لە چوار ناوچەی عێراقی عەجەم ناسراو. لەو سەردەمە بە عێراقی عەجەم، ویلایەتی کوێستان یان جەبالیان دەگوت تا لەگەڵ ویلایەتی عەراقی عەرەب هەڵە نەکرێتەوە. ویلایەتی کوێستان یان عێراقی عەجەم لە شوێنی ناوچەی میدیای کۆن هەڵکەوتبوو. یازدە سەدە بە دوای هێرشی عەرەبەکان و لە سەردەمی دەسەڵاتی قاجارەکان لە ئێران، دیسان شارەکە بووژایەوە و بەهۆی کەوتنەوە لەسەر دوو ڕێگای ڕۆژهەڵات-ڕۆژاوا و هەروەها ڕێگای باکووری ڕۆژاوای ئێران بەرەو باشووری ڕۆژئاوای ئەم وڵاتە و نزیکی بە بەغدا و کەربەلا گرینگی تایبەتی پەیدا کرد.

کرماشان لە بزۆتنەوەی مەشرووتەخوازیی ئێران ڕۆڵێکی بەرچاو و زۆر گرنگی هەبووە و لە ماوەی شەڕەکانی یەکەم و دووەمی جیهانیدا لەلایەن هێزە داگیرکارەکانە داگیر کرا، بەڵام دوای شەڕ بەجێیان هێشت. ئەم پارێزگایە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدشدا زیانی زۆری لێ کەوتووە.

لە باکووری شاری کرماشان کێوی فەڕۆخشاد، لە باکووری ڕۆژاوای کێوی تاقوەسان، و لە باشووری ئەم شارێ کێوی کووسفید (کێوی سپی)، هەروەها کێوی (پەڕاو) یەکێک لە جوانترین کێوەکانی نزیک کرماشانە و جوانی و ناوبانگێکی زۆری بە کرماشان بەخشیوە و کرماشان یەکێکە لە شاڕێگاکانی پەیوەندیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، هەروەها کۆنترین ڕێگا بۆ چین لە ئێران بەرەو مێزۆپۆتامیایە.

شاری کرماشان کەشوهەوایەکی ناوەندی و کوێستانیی هەیە. بەهۆی ئەم کەشوهەوایە بوو کە لە سەدەی چوارەمی زایینی کە دێیەکی بچۆک و خۆش کەشوهەوا بووە لەلایەن ساسانییەکانەوە وەکوو پێتەختی دووەمی ئیمپراتووریی ئێران هەڵبژێردرا. لەو سەردەمە کرماشان شوێنی خۆشگوزەرانیی شاکانی ساسانی بووە و باخەکان و کۆشکگەلێکی گەورە لەم شارە ساز کراوە.

کرماشان ناوەندی وەرزێڕیی وڵاتی ئێرانیشە و زۆربەی ئابووریی ئەم شارە بە وەرزێڕی بەستراوە، هەروەها تەرخانکردنی خواردەمەنی، بەرهەمی بیناسازی و پیشە دەسکردەکان لە کرماشان لە سێ مانگەکەی یەکەمی ساڵی ١٣٨٨ی کۆچی هەتاوی (٢٠٠٩ی زایینی)، ٩.٪ی سەرجەمی بەرهەمە پیشەییەکانی وڵاتی ئێران بووە.

خەڵکی کرماشان بە زاراوەکانی کوردیی باشووری (کەلهوری)، کوردیی سۆرانی (زاراوەی جافی)، لەکی و هەورامی قسە ئەکەن. لە قوتابخانەکان و زانستگەکانی کرماشان تەنیا بە زمانی فارسی وانە دەگوترێت و زمانی کوردی بۆ وانە خوێندن بە زمانی دایکی قەدەغەیە.

**ناوەندی پارێزگای کرماشان شاری کرماشانە و لە ١٤ شارستان پێکهاتووە کە ئەمانەن:**
ئاروینیاوا، پاوە، سەلاس باوەجانی، جوانڕۆ، داڵاهۆ، ڕوانسەر، سەرپێڵ زەهاو، سونقور، سەحنە، قەسرشیرین، کرماشان، کەنگاوەر، گیلانی ڕۆژئاوا، هەرسین و شائاباد.

لەبێزگای کرماشان یەک لەو پارێزگایانەی کوردستانە کە بە فرە کولتوور و ئایینی ناسراوە و زۆربەی خەڵکەکەی، شیعەن و ئایینزاکانی سونە و یارسان و کاکەیی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە پێکدێنن.

پارێزگای کرماشان بێشکەی یەکێک لە کۆنترێن شارستانییەتەکانە لە جیهاندا. کۆنترین گوند کە لە پارێزگای کرماشان و بگرە لە هەموو کوردستان تا ئێستە دۆزراوەتەوە، گوندی (شێخئاوا)یە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٩٨١٠ پێش زایین یان نێزیکەی ١١٨٢٥ ساڵ پێش ئێستا.

**زاراوەکانی زمانی کوردی لە پارێزگای کرماشان:**
خەڵکی ئەم پارێزگایە پتر لە ٩٨ لە سەدی کورد زمانن کە بە چەندین زاراوە و بن زاراوەی زمانی کوردی زاراوە دەپەیڤن. زاراوەی سەردەست لە شاری کرماشان زاراوەی کرماشانی (کەلهوڕی)یە. زاراوەکانی زمانی کوردی لە هەر ١٤ شارکەی پارێزگای کرماشان تەقریبەن بەم شێوەیە:

**● لە شاری کرماشان:**
کەڵهوڕی کرماشانی، سۆرانی، لەکی و هەورامی ٢ - لە شاری ئیسلام ئاوا (شاە ئاوا): کەڵهوڕی کرماشانی ٣- لە شاری کرێند: کەڵهوڕی و کرماشانی، هەورامی ٤- لە شاری سەرپێڵی زەهاو: کەڵهوری کرماشانی و سۆرانی ٥- لە شاری قەسری شیرین: کەڵهوڕی و کرماشانی ٦- لە شاری گیەلانی ڕۆژئاوا: کەڵهوڕی کرماشانی ٧- لە شاری سەلاسی باوەجانی: سۆرانی و هەورامی ٨- لە شاری جوانڕۆ: سۆرانی ٩- لە شاری هەورامان (پاوە): هەورامی و سۆرانی ١٠- لە شاری ڕوانسەر: سۆرانی ئەردەڵانی ١١- لە شاری سەحنە؛ کەڵهوری کرماشانی و لەکی ١٢- لە شاری کەنگاوەر: لەکی، کەڵهوری کرماشانی ١٣- لە شاری هەرسین؛ لەکی، کەڵهوری کرماشانی ١٤- لە شاری سنقور کولیایی؛ کەڵهوری کرماشانی. کەمینەیەکی تورکیش لە ئەم شارە ئەژین.

**● پێگەی ئەدەبی کوردی لە کرماشان:**
کرماشان لە بواری فەرهەنگ و زمان و ئەدەبەوە یەکێک لە ناوچە پیشەنگەکانی ئێران و کوردستانە و لە قۆناغە جیاجیاکاندا، نووسەر و ئەدیبی ناودار و شوێندانەری تیدا هەڵکەتووە. کە دەکرێ ئاماژە بەم کەسانە بکەین.

بابا سەرهەنگی دەوان، دایە تەورێز، سەی یاقووب ماهیدەشتی، پەرێشان دینەوەری" لە سەدەی چوارەمی زایینی، باباتاهیر هەمەدانی لە سەدەی دەیەمی زایینی بە زاراوەی لەکی، مستەفا بێسارانی لە سەدەی شازدەیەمی زایینی بە زاراوەی هەورامی، محەمەد کەنوولەیی لە سەدەی هەڤدەی زایینی، خانای قوبادی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەڤدەیەمی زایینی، سەرهەنگ ئەڵماس خان و میرزا شەرەف دینەوەری لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمی زایینی، شەیدا هەورامی لە کۆتایی سەدەی هەڤدەیەم، هەروەها محەمەد وەلی کرماشانی لە سەرەتای سەدەی بیستەم، وەلی محەمەد ئومێدی، غوڵامڕەزا ئەرکەوازی.

زۆرێك لە لێکۆڵەر و توێژەرانی بیاڤی زمان و ئەدەبی کوردی لەو باوەڕە دان کە گەلێك دەق، حیکایەت و چیرۆکی حیماسی و ئەدەبی زارەکی لە کرماشان و شارەکانی دەورووبەری خولقاون و بەپێی بەڵگەی سەلمێنراو کە ئێستا لەبەر دەست دان "شانامەی کوردی" بە ناوەرۆکی جیاواز لە شانامەی فارسی بە زاراوەی گۆران و بە چەند گێڕانەوەی جیاواز ئێستا لەبەر دەست دایە و لە زۆر باردا شان لە شانی شانامەی فیردەوسی دەدات. یان لە بەرهەمەکانی دیکە دەکرێ ئاماژە بە "ڕۆسەم و زەنوون" شاکاری بەنرخی ئەڵماس خان کەنولەیی بکەین. هەروەها دوو هۆنەری شاکار خولقێنی ناوچەی ئەیوان "شاکە و خان مەنسوور" جۆر و شیوازێکی ترە لە ئەدەبی میللیی کوردی کە دەگمەن و بێ وێنەن.

یان "برزوونامە" وەك دەقی حیماسیی کوردی بەڵگەیەکی گرنگە لە بوونی ڕەهەند و ڕەوتێکی بەرین لە ئەدەبی حیماسی و میللیی لە کرماشان و ئەو دەق و چیرۆکە میللی و مێژوویانە بە چەشنێك ڕۆچوونەتە قووڵایی ژیان و کولتووری خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی ئیلام و کرماشان کە بوونەتە بەشێکی جیا نەکراوە لە پێکهاتە و شوناسی فەرهەنگی و نەوەییان. ئەو کەسانەی کە لەم بارەوە گەلێك بەرهەمیان خولقاندووە بریتین لە: "سەی ساڵح و سەی یاقووب ماهیدەشتی، میرزا ئەڵماس خان کەنولەیی، تەقی خان ئازاد، ترکەمیر، مەلا نەجەف، کەیخوسرەو، پەرواره" کە بەرهەمگەلێکی وەك: برزوونامە، زوحاك و کاوەی ئاسنگەر، ڕۆسەم و زەنوون، ڕۆستەم و زۆراو و شیرین و فەرهاد بەشێکی بەرچاون لە ئەدەبی حیماسیی دەوڵەمەند و بەپێزی کوردی، لە بواری هۆرە چڕین و ئاواز و گۆرانیە میللی و فۆلکلۆریکەکانیش کرماشان و ئیلام مەڵبەندی سەرهەڵدان و ڕاچەنینن کە بەرچاوترین هۆرەچڕ عەلی نەزەرە.

نووسین و داهێنان بە زمانی کوردی لە کرماشان و ئیلام لە رابردوودا بەهۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی هیچکات بە شێوەی ڕەوت و گرووپ و بەرنامە داڕێژراو نەبووە، بەڵکوو لە چوارچێوەی کاری تاکەکەسی و بە هەست کردن بە خزمەتی زمان و ئەدەب و لەپێناو هەست و دڵسۆزیدا بووە، بەڵام کاریگەریی خۆشیان لەسەر جەماوەر بەجێهێشتووە.



# خاکی سووتاو
# وەک تاکتیک یان ستراتێژی؟




**عەلی مونەزەمی**

داگیرکەرانی کوردستان لە مێژساڵە بە دژی کورد لەوەیکە لە زانستە سەربازییەکاندا بە تاکتیکی "خاکی سووتاو" دەناسرێ، کەڵک وەردەگرن و بۆ لەنێوبردنی هەموو سەرچاوەکان کە یارمەتیدەری مرۆڤن، بۆ بەردەوامبوون لە ژیان لە کوردستاندا و بۆ لەنێوبردنی هەرچی زووتری ئەو سەرچاوانەش لەگەڵ یەکدا لە پێشبرکێیەکی بێ وێنەدان و پەندو دەرس لە یەکتر وەردەگرن تاکوو هەرچی زیاتر ژیان لە خەڵکی کورد تێک بدەن و کوردستانیان پێ چۆڵ کەن.

دەوڵەتی تورک ماوەی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە دەرسیم و دەوروبەری بەبیانووی هەبوونی گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە نێو دارستاندا، لە چەندین شوێنی جۆراوجۆر ئاوریان لە دارستانەکان بەردا کە ئەو ئاورە بووە هۆی سووتانی رووبەرێکی بەرفراوان لەو دارستانانە لە لایەک و لە مەترسی کەوتن و لە نێوچوونی بەشێک لە سەرچاوەی ژیانی خەڵک و ماڵوێرانی و ئاوارەبوونی خەڵکی بێدەرەتان و لەلایەکی دیکەشەوە، زیان پێگەیشتن بە سروشت و سەرچاوەیەکی بەهێزی ئابووریی کوردستان.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت بە کەڵک وەرگرتن لە یەکێک لە تیۆرییەکانی زانستی سەربازی کە بە تاکتیکی "خاکی سووتاو" بەناوبانگە، ئەو کاوڵکارییە وەک نموونە شی کردنەوەی بۆ بکرێ و ئامانجی نامرۆڤانەی دوژمنانی کورد و هەڵسووکەوتیان لە کوردستاندا وەک داگیرکەر بخرێتە بەر چاو و دیدی خوێنەران و پەردە لە سەر ئەو راستییە لابدرێ کە بۆ ئەوان بەکارهێنانی ئەو تاکتیکە بووەتە ستراتێژی و ئامانجیان قڕکردن و ئاوارەکردنی کورد و وێرانکردنی کوردستانە.

پەیڤە سەرەکییەکان کە لەو وتارەدا بە کار دەبردرێن، ئەمانەن: تاکتیک، ستراتێژی، تاکتیکی خاکی سووتاو، داگیرکاری.

● **تاکتیک:** پرۆسەی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکێک یان چارەسەرکردنی مەسەلەیەکە لە دەمێکی کورت یان نیوەدرێژدا لە پێناوی ئامانجێکی ستراتێژیی درێژخایەندا.

● **ستراتێژی:** ستراتێژی کە لە وشەی یوونانی ستراتێژیاوە هاتووە، دێتە مانای پلان یان شێوازی هێرشی بەڕێوەبەری سوپا بۆ سەرکەوتن لە شەڕدا. ستراتێژی تەواوییەتی بەرنامەڕێژی و هەموو کردەوەکان بۆ بەکارهێنانی هەموو ئیمکاناتی لە بەردەستدا بە باشترین شێوە، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو لە خۆی دەگرێتەوە. یانی شیکردنەوەی بیرۆکەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج. ستراتێژی لە ڕاستیدا رێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانە کە لە سەردەمی ئێستادا بە بەرنامەی درێژخایەنیش دەگوترێ.

● **تاکتیکی "خاکی سووتاو":** تاکتیکێکی چەکدارییە بۆ لەنێوبردنی هەموو ئەو شتانەی کە دەتوانرێ لەلایەن دوژمنەوە بە کار ببردرێ لە کاتێکدا کە لایەنێک بۆخۆی لە حاڵەتی پاشەکشە یان پێشڕەویدا بێ. لە کاتی بەکار هێنانی ئەو تاکتیکەدا هەول دەدرێ کە هەموو کۆگاکانی خواردەمەنی، مەزرا و دەخل و دان، مەڕوماڵات و سەرچاوەکانی سرووشتی، تێکنۆلۆژیی پێوەندیگرتن و هەموو جۆرە کەرەستەیەکی بەرهەمهێنان لە نێو ببردرێ تاکوو دوژمن دەرەتانی بەکار هێنانی نەبێ. ئەو تاکتیکە زۆرتر لە سەر خاکی دوژمن یان لەو بەشە لە وڵاتی خۆیاندا کە مەزندە دەکرێ بکەوێتە دەستی دوژمن، بە کار دەبردرێ. لەو تاکتیکە لە رەوتی مێژوودا زۆر جار کەڵک وەرگیراوە، بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا کە هەم لەلایەن رووسیە لە ئوکراین بۆ ئەوەیکە ئیمکانات نەکەوێتە بەر دەستی ئەرتەشی نازییەکان و هەم لە باکووری نورویژ لەلایەن ئەرتەشی نازییەکانەوە بۆ ئەوە کە ئیمکانات نەکەوێتە دەستی ئەرتەشی رووسیە بە کار بردراوە. ئەو یەکە لەلایەن نازییەکان لە ئوکراینیش دووپات کراوەتەوە.

ئەو سیاسەت و تاکتیکانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێدراوە، لەلایەن هەموو دوژمنانی کوردەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستان پەیڕەو کراوە و پەیڕەو دەکرێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە وڵاتێکی وەک ئیسرائیل لە یاسای چەکداریی وڵاتەکەیدا لە ساڵی ١٩٩٨ پەسندی کردووە کە نابێ بە هیچ جۆرێک سیاسەتێک یان ستراتێژییەک لەلایەن سوپاکەیەوە پەیڕەو بکرێت کە ببێتە هۆی برسێتی یان ئێش و ژان بۆ خەڵکی سڤیل و هەروەها لە یاسای شەڕ لە ٢٠٠٦ دا نووسراوە کە نابێ بە هیچ شێوەیەک تاکتیکی خاکی سووتاو بە کاربردرێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە دەسەڵاتدارانی تورک تەنیا لە کاتی سەرهەڵدانی دەرسیمدا بێجگە لە کاولکاری، دەیان هەزار کوردیان کوشتووە و لەو بارەوە باس لە کوژرانی ١٣ هەزار تا ٧٠ هەزار کەس دەکرێ؛ هەروەها لە دەستپێکی شەڕ لەگەڵ پێ کاکا لە ١٩٨٠وە تا ئێستا، بە سەدان گوندی کوردەکان لە کورستانی باکوور خاپوور کراوە و دانیشتوانی بە زۆرەملی کۆچبەر کراون. ئەو سیاسەتەی ئەوان ڕۆژ بە دوای ڕۆژ توند و تیژتر و لە شکڵ و قاڵبی نوێ و لە ڕاستای وێران کردنی سرووشتی کورستان، ئافراندنی ئێش و ژانی زیاتر بۆ گەلی کورد و کوشتن و بڕینی خەڵک دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە.

لە قۆناغی نوێی شەڕ لە تورکیە لە نێوان دەوڵەت و پێ کاکا کە لە ساڵی ٢٠١٥وە دەستی پێکرد، چەندین شار و شارۆچکە و گوند وێران کران و بە هەزاران کەس کوژران و بە سەدان هەزار ئاوارەی لێکەوتەوە و بە هەزاران کەس کەوتنە زیندان و بوونە قوربانی، لە نوێترین نموونەدا ئەو حکوومەتە بە چاولێکەری لە رێژیمی داگیرکەری ئێران، دەستی داوەتەوە سووتاندنی دارستانەکانی کوردستان و بەتایبەتی دارستانەکانی دەوروبەری دەرسیم. بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە لە میدیاکاندا باسی لێوە کراوە، دارستانی ١٨ هەرێمی دەرسیم هێشتا بە ئاگر دەسووتێن و کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیزن بە خەڵک نادەن کە بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و هەبوونی مینی چێندراو، ئاورەکە بکوژێننەوە. کۆماری ئیسلامیش چەندین ساڵە و بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا بەبیانووی جۆربەجۆر و بە شێوازی جیاواز دارستان و ژینگەی کوردستان دەداتە بە تۆپباران و ئاگرتێبەردان و رێگە بە خەڵک و رێکخراوی مەدەنیش نادات کە ئاگرکەوتنەوەکان کۆنتڕۆڵ بکەن و ژینگەی کوردستان لە رق و کینی کۆماری ئیسلامی بپارێزن. ئەو کردەوەی کاربەدەستانی داگیرکەر، لەگەڵ کاروکردەوەی نازییەکانی هیتلێر لە باکووری نوروێژ، زۆر وەک یەک دەچن کە ئەوانیش بە گرتنە پێشی تاکتیکی خاکی سووتاو، لە دوو پارێزگای فینمارک و باکووری تروومس، بە سووتاندنی هەر شتێک کە دەستیان پێڕاگەیشت، لە ماوەیەکی کورتدا ئەو ناوچەیەیان تاڕادەیەکی زۆر لە خەڵک بەتاڵ کرد کە بەو کردەوەیە خەڵک تووشی ئازارێکی زۆر بوون. لە ساڵی ٢٠١٤ دا، ئالفرێد یوودل کە ئەفسەرێکی ئەرتەشی نازییەکان بوو، بە سووچی سووتاندنی باکووری نوروێژ، دوای تێپەربوونی ٧٠ ساڵ بە سەر ئەو رووداوە سزا درا. گەلۆ ڕۆژێک دێ کە دوژمنانی کوردیش بە سووچی کاولکردنی کوردستان لە بەردەم دادگایەکی دادپەروەردا سزای کارەکانیان وەربگرن؟

دوژمنانی کورد لە بواری بەکارهێنانی تاکتیکی خاکی سووتاو لە کوردستاندا، زۆر ئاکتیڤ و خاوەن پلانن. لە شرۆڤەی پەیڤەکاندا باس کرا کە تاکتیک بۆ سەرکەوتنێکی کورتخایەن بە کار دەبرێت. شتێک کە بوو بە پلانی درێژخایەن و ئامانجێکی گرینگ، لە چوارچێوەی تاکتیک دەردەچێ و وەک ستراتێژی لە قەڵەم دەدرێ. بۆ نموونە، دوو رێژیمی ئێران و تورکیە لەو ساڵانەی رابردوودا، بە قامک خستنەسەر سەرچاوەکانی ئاو لە کوردستان و بە درووست کردنی بەنداوی جۆراوجۆر و راگواستنی ئەو ئاوە بۆ دەرەوەی سنووری راستەقینەی کوردستان، و هەروەها بە سووتاندنی دارستانەکان و وێران کردنی گوند و بازارەکان و کوشتنی مرۆڤی کورد و جیانەکردنەوەی کوردی سڤیل لە چەکدار، و کۆچبەرکردنی زۆرەملی یان ناچارکردنی کورد بۆ چۆڵ کردنی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان و گواستنەوەیان بۆ شار و دەڤەرە ناکوردستانییەکان، نیشان دەدات کە ئەو داگیرکەرانە بە هەموو هێز و توانای خۆیانەوە لە ڕاستای وێران کردنی کوردستان بۆ ئەوەیکە کورد تێیدا نەمێنێ و ئینجا دەستبەسەرداگرتنی یەکجارەکی کوردستان و گۆڕینی دێموگرافیای کوردستان، بۆ هەتایە کوردستان بکەن بە موڵکی خۆیان و کوردیش بتوێننەوە.

تێکدانی سرووشتی کوردستان بەمەبەستی تێکدانی ژیانی خەڵک و دەربەدەرکردنیان دەکرێ؛ بۆیە دەبێ ئەو سیاسەتە چەپەڵ و گەمارەی داگیرکەران هەرچی زیاتر لەقاو بدرێ و پێش بەو وێرانکارییە بگیردرێ. ئەو سیاسەت و پیلانانەی دوژمن لە پێش هەموو شتێکدا دژی زاگۆن و کونوانسیۆنەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و بەتایبەتی کونوانسیۆنی مافی مرۆڤە.

**ژێدەرەکان:**

http://www.dagsavisen.no/innenriks/ble-domt-for-brenningen-av-finnmark١,٢٩٠٨٤٨-
https://ihl-databases.icrc.org/customary-ihl/eng/docs/v٢_cou_il_rule٥٣
http://www.fn.no/Konflikter/Kurdistan
https://no.wikipedia.org/wiki/Strategi
http://www.chris-kimble.com/Courses/World_Med_MBA/Strategy-and-Tactics.html
https://www.ntnu.no/iie/fag/ole/Forelesning٢٠٢٪/Kapittel٢٠٢٪.pdf
https://www.gazetesujin.net/ku/٠٨/٢٠١٧/li-dersime-١٨-herem-disewitin/
https://www.nrk.no/finnmark/rask-innforing-i-tvangsevakueringa١,١١٩٦٩٩٠٥-
http://www.birgun.net/haber-detay/forest-fires-caused-by-operations-in-turkey-s-dersim-continue-to-grow١٧٤٤٥١-.html

# کاوە بەهرامی:

# ڕاسان هێمای خەباتی ڕۆژهەڵاتە و ڕێژیم بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر مانەوەی خۆی دەزانێ




وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ کاوە بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

وتووێژ: سەلیم زەنجیری

لە ماوەی ڕابردوودا سپای تێرۆریستیی پاسداران بە بیانووی ئامادەسازی بۆ مانۆڕ، هێزێکی زۆری لە شارەکانی کوردستان کۆ کردووەتەوە و پیلانی هێرش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی هەیە.

بەپێی زانیارییەکان، سپای پاسدارانی ڕێژیم، لە چەندین شاری کوردستان خەریکی خۆ ڕێکخستن و تەیارکردنی هێزەکانی بە چەک و جبەخانەی قورسە و گوایە دەیانەوێت مانۆڕی نیزامیی لە کوردستان بەڕێوە ببەن، بەڵام بەپێی زانیارییەکان لە پیلان دارشتن دان، هاوکات لەگەڵ ئاڵۆزتربوونی ناوچەکە و ناردنی داعش و حەشدی شەعبی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتیشەوە هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان و لەبەر زەندەق چوونیان لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات، هێرش بکەنە سەر بنکە و شوێنی حیزبەکانی کوردستانی ئێران.

جێگای ئاماژەیە کە تا ئێستا چەندین جار بەرپرسانی ڕێژیم بۆ شاردنەوەی ترسیان لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات هەڕەشەی هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردووە.

هەروەهاڕەوتی میلیتاریزەکردنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەردەوام لە لایەن سپای پاسدارانی ڕێژیمەوە درێژەی هەبووە و بەرپرسانی سپای ئەو ڕێژیمە بەردەوام باس لە گرتن و ئەمنییەتی کردنی سنوورەکان دەکەن؛ لەم ڕاستایەشدا ڕێژیمی ئێران ماوەیەکە بە چڕی و بەربڵاوی مانۆڕی سەربازی بەڕێوە دەبات.

هەروەها لەهەفتەی ڕابردوودا، ڕێککەوتنێک لە نێوان حیزبوڵڵای لوبنان و داعش لە سووریە جێبەجێ کرا کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، چەکدارانی داعش لە سنووری لوبنان و سووریە بۆ سنوورەکانی عێراق و سووریە بە پاس گواسترانەوە، کە بە هۆیەوە گومانێک لای هەر دوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ دروست بوو.

بەپێی ئەو ڕێککەوتنە نزیک بە ٣ هەزار چەکداری داعش و خێزانەکانیان ڕۆژی دووشەممە، لە ناوچەی «ئەلجروود» کە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان سووریە و لوبنان بە پاس بەرەو پارێزگای «دەیرەلزوور» لە ڕۆژهەڵاتی سووریە، بۆ ئەو ناچانەی پارێزگاکە کە لە ژێر کونترۆڵ چەکدارانی داعشن، گوازراونەتەوە.

لەو بارەیەوە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، وێڕای ئەوەی گوازتنەوەی هێزێکی زۆری تیرۆریستان لە لوبنانەوە بۆ سەر سنووری عێراق بە جێی گومان لە قەڵەم دەدا، ڕایگەیاند: «جێگەی گومانە و زۆر بە جیددی چاودێری و بەدواداچوونی بۆ دەکەین و ئەوە بە دووبارە کردنەوەی ئەو سیناریۆیە دەزانین کە لە ساڵی ٢٠١٤ جێبەجێ کرا.»

دوای جێگیربوونی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕێژیم بەردەوام شار و ناوچە سنوورییەکان مێلیتاریزە دەکات.

بەپێی لێدوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێککەوتنەی نێوان سووریە و حیزبوڵڵای لوبنان دیسانەوە هەرێمی کوردستان تووشی مەترسی و هەڕەشەی تێرۆر دەکاتەوە.

چالاکانی سیاسی لەوباوەڕەدان، ناوەندە ئەمنییەکان و سوپای پاسداران لە ماوەی چەندین ساڵی رابردوودا بە بەڕێوەبردنی مانۆڕ و میلیتاریزە کردنی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، ویستوویانە سیمایەکی نائەمن لە ناوچە کوردنشینەکان نیشان بدەن و بەو هۆیەشەوە هەتا ئێستا بە شێوەی پلان بۆدارێژراو پێشیان بە گەشە سەندنی ئابووری ناوچە کوردنشینەکان گرتووە.

بۆ زیاتر تاوتوێکردنی ئەم مەسەلەیە ڕۆژنامەی کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ کاوە بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێناوە.

**پ: چەند ڕۆژێکە کە ڕێژیم بە بیانووی ئەنجامدانی مانۆڕی نیزامی، هێزێکی زۆری هێناوەتە سنوورەکانی کوردستان و هەڕەشەی هێرش بۆ سەر ئەحزابی سیاسی ڕۆژهەڵات دەکات، ئەمە چۆن لێک دەدەنەوە؟**

**و:** لە بنەڕەتدا، مانەوەی کۆماری بەناو ئیسلامی لە سازکردنی شەڕ و ئاژاوەدایە، کاتێک باس لە ئیمپراتۆری ئیسلامی شێعە دەکات، بوونی هیچ نەتەوە و ئایینی دیکە جێگای پەسندی نین، سپای پاسدارانی بە مەبەستی نانەوەی ئاژاوە لە ناوچە دروست کرد، وێڕای سەرکوت لە ناوخۆ، بە یارمەتیدان بە میلیشیاکان لە وڵاتانی دەوروبەر ناسەقامگیری دروست دەکات و هەوڵی هێژمۆنی خوازی هەیە. ڕاسانی ڕۆژهەڵات بە پێشەنگایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە کردەوە ئاڵاهەڵگری نەمانی زوڵم و دژبەری ڕاستەقینەی ئەم ڕێژیمە بیرسەدەناوەراستییە ، بەخۆشیەوە ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە گەشەسەندندایە و ڕێژیمی توشی دڵەڕاوکێ و داماوی کردووە، لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیش بەپێی توانا هەوڵی ئەوە دەدەن لەو خەباتە نوێیەی ڕۆژهەڵات جێی پەنجەیان دیار بێ، هەموو ئەم مانۆڕ و هەڕەشانەی ڕێژیم لە سۆنگەی ترس لە بەریتنربوونەوەی خەباتی ڕۆژهەڵات سەرچاوە دەگرن.

**پ: ئەو هەڕەشەیە چەندە جیدییە لەم کات و ساتە هەستیارەدا؟**

**و:** دیارە، لە تیۆری شەڕی نیزامیدا، نابێ هیچ هەڕەشەیەک بە کەم بگرین، بە تایبەتی لەم هەلومەرجەی ئێستادا، بەڵام کۆماری ئیسلامی لە چەندین بەرەوە خۆی تووشی شەڕ کردووە و سەرقاڵە، بۆیە پەلاماردانی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بەلەبەرچاوگرتنی شوێنی مانەوەیان کە ناوچەیەکی شاخاوییە، لە بەرژەوەندی ڕێژیم تەواو نابێ.

**پ:چەندە پێوەندی بە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە؟ ئایا ڕاسان وای ئەو ڕێژیمە تاساندووە کە ناچار بە هەڵەیەکی وا کوشندە بکات؟**

**و:** بێگومان ڕاستە، ڕاسان خەباتی شار و شاخی پێکەوە گرێ دا، ڕێژیمی تاساندووە وئەو زانیاریانەی بەردەستن بەردەوام لە فازی ئامادەباشییە و هەموو ڕۆژێ چاوەڕێیە، نەک لە شاخ بەڵکوو پێشمەرگەی شار تووشی خەساری بکات، ڕاسان هێمای خەباتی ڕۆژهەڵاتە و ڕێژیم بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر مانەوەی خۆی دەزانێ.

**پ: لە ئەگەرێکی وەهادا حیزبی دێموکرات چەندە ئامادەیی بەرپەرچدانەوەی هەیە؟ بەرنامە و پلانی تایبەتیتان لەو بوارەوە هەیە؟**

**و:** هێزەکانی حیزبی دیمۆکرات، لە ئەگەری هاتنەئارای هەر ڕووداوێکدا بەرنامە و پلانی تایبەت بە ڕێوشوێنی نیزامی خۆیان هەیە و پوتانسیەلی ئەوەیان هەیە بەرپەرچی هەر هێرشێک بدەنەوە.

**پ: ئایا هاوئاهەنگیتان لەگەڵ ئەحزابی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو پێوەندییەدا هەیە؟**

**و:** لە ماوەی رابردوودا لە بواری سیاسی و کاری هاوبەشەوە هاوئاهەنگی باشمان هەبووە، بۆیە لە ئەگەری هەرچەشنە پەلامارێکی نیزامی هێزەکانی ڕۆژهەڵات کە لە شاخ جێگیرن بێگومان ئەو پێوەندیی و هەماهەنگییە لە ڕووی کردەییەوە دەبینین.

**پ: لە بواری سیاسی و نیزامییەوە، چ سوودێک بۆ هەر دوو لایەن دەبێت؟**

**و:** بەدڵنیایەوە، ئەو پێوەندییانە لە زۆر بواردا دەوری ئەساسیان هەیە لەوانە : ـ پێگەمان لە دنیای دەرەوە ـ توانای زیاتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیم ـ ڕۆحیەتی تێلۆرانس و پێکەوە کارکردن لە ئاستی بەدەنە و هێزی پێشمەرگە و ... .

**پ: پێم خۆشە بزانم چەندە پێوەندی بە باشووری کوردستان و بە تایبەتی شاری کەرکووکەوە هەیە کە بەرەو ڕیفراندۆم هەنگاو دەنێت؟**

**و:** کۆماری ئیسلامی تەنیا وڵاتێکە بە ئاشکرایی و بە پلانەوە دژایەتی پرۆسەی ریفراندۆم دەکات، سەرکەوتنی ریفراندۆم لە بەرژەوەندی خۆیدا نابینێ، بۆیە تایبەت لە کەرکوک، پیلانەکەی ژەهراویتر و دوژمنانەترە، لە ئاڵووگۆڕی سیستمی سیاسی لە عێراق بە چەندین میلیشیای دروستکرد، نانەوەی دووبەرەکی و ئاژاوە ئەساسی کارەکانیەتی، دروست کردنی حەشدی شەعبی و تەنانەت هاوکاریکردنی داعش بۆ زەربە لێدان لە سوننەکان لە موسڵ پلانەکانی بۆ ویلایەتی شێعە زیاتر دەردەخات بەڵام یەک گوتاری کورد لە باشوور ئەو هەوڵانە دەکاتە بلقی سەرئاو.

**پ: ئایا دەکرێ ڕێککەوتنی داعش ـ حیزبوڵڵای لوبنان ـ حکوومەتی ئەسەد بە یەکەوە بۆ ڕاگواستنی تێرۆریستەکانی داعش بەرەو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و هێنانی حەشدی شەعبی بۆ سنووری کەرکووک و هەروەها هەڕەشەی هێرش لە سنووری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشوور وەکوو یەک پاکیجی ناوچەیی داگیرکەران و بەتایبەتی ڕێژیمی ئێران لێک بدەینەوە؟**

**و:** ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەساسی تەقیە لە ئایینی شیعە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی ئامادەی هەرجۆرە ڕێککەوتنێکە تەنانەت لەگەڵ دوژمنەکانی، ڕێککەوتن لەگەڵ تاڵبان لە ئەفغانستان یەک لەو بابەتانەیەو ئێستا ئەفغانستان بەدەست دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامییەوە دەناڵێنێ، دروستکردنی حیزبوڵڵای لوبنان و ئاژاوە نانەوە لە وڵاتانی عەرەبی، خواردنی جامی ژەهری خومەینی پاش شەڕی ٨ ساڵە لە گەڵ عێراق، دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی کوردستان و پشتیوانی بە بەرنامە لە لایەنێک دژ بە لایەنێکی دیکە لە ڕاستای ئەو ئامانجانەی دایە، لە ئێستاشدا لە بەرەبەری پرۆسەی ڕیفراندۆم هەموو هەوڵێک بۆ لەباربردنی دەدات، چونکە بەدڵنیاییەوە سەرکەوتنی کورد لە باشوور باندۆڕی لەسەر پارچەکانی دیکە بۆ بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی هەیە، کەرکوک و کوردستانی بوونی هەرکام لە قووڵایەکی ستراتیژییەوە بۆ تورکیە و ئێران جێگای نیگەرانین، لە لایەکی دیکە بەتایبەت تورکیە نایهەوێ بەرژوەندی ئابووری و بازرگانی لە هەرێم لەدەست بدا، هەستیاری بە بابەتەکانەوە دیارن و دەبێ چاوڕێی کاردانەوەکان بین کە لە ٩/٢٥ نیزیک دبینەوە، لەهەر حاڵدا کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ لەو قۆناغە لە ڕێگای تورکیەو و داعش و حیزبوللا و حەشدی شەعبی و .....پیلانەکانی سەربگرن کە تێچووی بۆ خۆی کەم بێ.

**پ: کاردانەوەی نێودەوڵەتی چی دەبێت؟**

و: هەرێمی کوردستان ئێستا لە بەرەی جیهانی دژ بە تیرۆرە و نیزیک بوونەوەی داعش لە مەخموور و دەستبەجێی بە هاناهاتنی ئامریکا و پاراستنی هەرێم ئەم هاوپەیمانییەی زیاتر روون کردووە، لە ئەگەری بەرێوەبردنی وەها پیلانێک کۆماری ئیسلامی خۆی دەخاتە ناو باتڵاقێکی گەورەوە و وتەبێژی هێزەکانی هاوپەیمانی دژ بە داعش هەر دوێنێ رایگەیاند کە بە هەموو شێوەیەک دژی ئەو هەوڵانە دەبن کە داعش لە سنوورەکانی عێراق نیزیک بکەنەوە، لەلایەکی دیکەوە سەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگە لە ئاستی نێودەوڵەتی دەنگدانەوەی باشی بووە و بە دەیان وڵات ئێستا خاوەن سەرمایە و بەرژەوەندین لە هەرێمی کوردستاندا، سەرەڕای ئەوەش هەرێم بەکردەوە سەلماندویەتی کە لە سەنگەری پاراستنی دیمۆکراسی و کەرامەتی مرۆڤ دایە و لەگەڵ زۆر وڵاتی ناوچە جیاوازی هەیە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە ئاسانی رێگە نادەن ئەم پرۆسەیە تێک بچێ.

# ڕەساڵەتی تەنز لە شێعری "مەلا مارف کۆکەیی"دا

مەهاباد.ه

بەشی یەکەم





## کورتە

تەنز یەکێک لە شێوازە کاریگەرەکانی ئاخاوتنی ئەدەبی و هونەرییە. ئەم شێوازە ئاخاوتنە یەکێک لە لقەکانی ئەدەبیاتی ڕەخنەگرانە و کۆمەڵایەتییانە بە ئەژمار دێت.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا تەنز خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژە، بە چەشنێک کە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆردا نەک بە ناوی تەنز بەڵکوو بە ناوی جۆراوجۆر خۆ بە دەستەوە دەدا و سنوورێکی زۆر دیاریکراویشی لەگەڵ تەوس و داشۆرین نییە، بەڵام خەندە نوختە خاڵی هاوبەشی هەموانە، لە تەنزدا ئەم خەندەیە لە ڕووی بێ بەرپرسایەتی نییە و هەڵقوڵاوی بیرێکی قووڵە لە ناخەوە. کەوابوو تەنز لە کۆنەوە سرنجی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بە کەڵك وەرگرتن لەم زمانە بەرامبەر بە ناحەزییەکان، گرفتەکان و ناڕاستییەکان دەوان. لە کاریکاتێردا چۆن هونەرمەند هەوڵ دەدا بە بەرجەستە کردنەوەی هێندێک لایەن، بیری بینەر بەرەو واتایەکی تایبەت ڕاکێشە بکات لە شێعریشدا ڕۆڵێکی ستراتێژی هەیە و شاعیر بەردەوام لە حەولدا سرنجی بەردەنگ بۆ لای مانا و واتای مەبەستی بگەیەنێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ تاوتوێ کردنی تەنز لە هۆنراوە کوردییەکانی مەلا مارف کۆکەیی و لە کۆتاییشدا دیاریکردنی جێگە و پێگەی ڕاستەقینەی ئەم شاعیرە لە تەنز و ئەدەبیاتی کوردیدا.

ئامانج لەم باسە نیشان دانی ئەوەیە کە ڕەساڵەتی تەنز لە شێعرەکانی مەلا مارفدا وەک یەکێک لە باشترین دەرفەتەکانی گونجاو بۆ دەربڕینی ڕوانگەی ڕەخنەگرانە بە پاراستنی شوناسی هونەری و ئەدەبیە و بە زمانی تەنز بۆتە پێشەنگی چاکسازی کومەڵگای سەردەمی خۆی. شێوازی لێکۆڵینەوە لەم نووسراوەدا بەڵگەیی و کتێبیە کە بۆ شرۆڤە کردن کەڵک لە چەند وتار و کتێبی پێوەندیدار وەرگیراوە.

لە دەرئەنجامی ئەم باسەدا دەردەکەوێ کە شاعیر لە باسی گیروگرفتەکانی خەڵکدا بە زەق کردنەوەی دواکەوتوویی، نەخوێندەواری و لاسایی کردنەوە، لە هەمان کاتیشدا بایەخ دان بە خوێندەواری، ئازادی، یەکگرتوویی، نیشتمانپەروەری وەک شاعیرێکی دەروەست بە ئاراستە کردنی شێعری ڕەخنەگرانە بە چەمکی تەنز، بەرەنگاری چەقبەستوویی دەبێتەوە.

کلیل واژە:

**مەلا مارف کۆکەیی ـ تەنز ـ ئەدەبیاتی کوردی**


### ● پێشەکی

مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەدەی بیستەمدا زۆرترین تەنزی لە خۆگرتووە، بە تایبەت بەشێکی زۆرتری شێعری دوای جەنگی جیهانی یەکەم و شاعیرانی وەکوو (بێکەس، قانع، ئەخۆڵ و شێخ ڕەزای تاڵەبانی) پڕیەتی لە تەنز و هەجوو، ئەمە بێجگە لەوەی لەو سەردەمەشدا بەدەر لە شێعر بەشێکی تەنز و بەسەرهاتە سەیر و سەمەرەکا وەکوو پەخشان (بۆ وێنە ڕشتەی مرواری عەلائەددین سەججادی) نووسراونەتەوە. ئەم سەدەیە سەدەی گوێزرانەوەی ئەدەبیاتی تەنز لە مێژووی ئێمەدا لە تەنزی زارەکییەوە بۆ تەنزی نووسراوە بە ئەژمار دێت. (ئارام سدیق ـ ۲۰۱۷ ـ ۲)

مەلا مارف کۆکەیی لە شاعیرانی بەرەی موکریان، لە هەل و مەرجێکی زۆر ئەستەم و لە نەداری و چەرمەسەریدا ژیاوە و هۆنراوەی هۆنیوەتەوە، تەنانەت ئەو نەدارییە بەئاشکرا لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە و کاریگەری کردۆتە سەر شێوازی نوسینی. مەلا مارف قسە خۆش و نوکتە باز بووە و مەجلیسی ئەم جۆرە کەسانەشی لا خۆش بووە. لەوەوە کە لە چەندین جێگا ناوی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بردووە و ئاماژەی بە بیروڕای ئەو کردووە و وەک بەڵگە پشتی بە بۆچوونەکانی بەستووە، دیارە لای خۆشەویست و پەسند بووە. (سەمەدی/ دیوانی مەلا مارف ـ ۲۰۱۲ ـ ۲۸)

لەم قۆناغەدا لە موکریان سەیفولقوزات و مەلا مارف کۆکەیی وەک دوو پێشەنگ و ئاڵا هەڵگری شێعری قوتابخانەی موکریان سەریان هەڵداوە. ئەمجارەیان شێعر باشتر دەتوانێ لەگەڵ چینە جۆراوجۆرەکانی خەڵک پێوەندی بگرێ، ئەگەرچی زمانی شێعر سادەتر و باشتر خۆ بەدەستەوە دەدا و دەتوانین بڵێین ئەم زمانە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ نووسینی تەنز، بەڵام عەرووز و سەنایعی ئەدەبی ئیزن نادا شێعر لە چوارچێوەی دەسەڵاتی شاعیر بێتە دەر، لەو سەردەمەدا شێعری کوردی پەیڕەوی لە شاعیرانی پێشوو دەکات و شێعر نەکەوتۆتە قۆناغی نوێ بوونەوە، ئەگەرچی لە مانا و مەفهوومدا ئەم نوێ بوونەوەیە بەرچاوە و مەلا مارفیش بە دەکار کردنی وشەگەل و کەرەستەی نوێ لە شێعرەکانیدا دەستێکی باڵای هەیە.

لەم هەلومەرجە پڕ کارەساتەی مەلا مارف تێیدا ژیاوە و ڕووداوگەلێک وەک دوو شەڕی گەورەی جیهانی، شەڕی ناوخۆی ئێران، شۆڕشی مەشرووتە و کوشتاری خەڵکی سابڵاغ شوێن دانانی ئەم ڕووداوانە لە سەر ژیانی خەڵکی هەژار، شاعیر دەئەزموێ و وای لێدەکات زۆر جار لە چوارچێوەی زمانی تەنزدا باس لە برین و زام و ئازارەکانی کۆمەڵگا و نەتەوەکەی بکات.

مەلا مارف پێمان دەڵێ ئەم زمانە نوێنگەی نابەرابەرییەکان و دژ بە بێ عەدالەتییە. (هەمان ـ ۲۰۱۲ ـ ۲۵)

لە دەرئەنجامی ئەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێ کە مەلا مارف تەنز وەک یەکێک لە باشترین دەرفەتەکانی گونجاو بۆ دەربڕینی ڕوانگەی ڕەخنەگرانە بە پاراستنی شوناسی هونەری و ئەدەبی هەڵبژاردووە و بە زمانی تەنز بۆتە پێشەنگی چاکسازی کومەڵگای سەردەمی خۆی.

### ● تەنز چییە؟

تەنز کە وشەیەکی عارەبیە، لە فەرهەنگ‌دا بە مانای تانە و تەشەرە و بە یەکێك لە شێوازەکانی دەربڕینی مەبەست دەگوترێ، کە وێژەر بە زمانێکی شیرین و بزاوی، بە مەبەستی چاکسازی، لە پەردەدا بابەتێك دەخاتەبەر ڕەخنە. (قاسمی ـ ۲۰۰۸ ـ ۱)

تەنز شیوەیەکی تایبەتە بۆ دەربڕینی ماناگەلی توند و تیژی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ڕەخنەگرانە و ئاشکراکردنی حەقیقەتە تاڵەکان و ڕق لە گەندەڵی تاکە کەس و کۆمەڵ کە لێدوان لەوانە بە شێوازێکی ئاسایی و جیدی قەدەغە کراوە، هەڵبەت بە لەحنێکی ناڕاستەوخۆ و لە دەڤری شۆخیدا" (قوڕەیشی ـ ۱۳۹٤ ـ ۱)

لە ئینسایکلۆپیدیای زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبیدا تەنز وەک حاڵەتێک لە دەربڕین پێناسە کراوە کە لە شێوە جیاوازەکانی گێڕانەوە و چیرۆکدا لە دوو توێی خۆیدا مانایەکی جیاواز و تەنانەت هەندێک جار مانایەکی دژ بە مانا ڕواڵەتییەکە لە خۆ دەگرێت. (ئارام سدیق ـ ۲۰۱۷ ـ ۱)

هێندێک لە خاوەن ڕایان ئاماژە بە سێ جۆر تەنز لە سەردەمی هاوچەرخدا دەکەن، تەنزی زمانی، نمایشی و بارودۆخی تەنزاوی. هێندێکی دیکەش لە سەر ئەو بڕوایەن تەنز بەسەر چەند دەستەی دیکەدا دابەش دەبێ وەک: تەنزی کۆمەڵایەتی، ژورنالیستی، ڕامیاری، فەلسەفی، ڕەش و هتد.

### ● مەلا مارف کێیە؟

مەلا مارف کۆکەیی لە دووەمین ڕۆژی بەفرانباری ۱۲٥٤ی هەتاوی لە ئاوایی حاجی خۆشی ناوچەی شارویرانی مەهاباد لە دایک بووە. دوو ساڵ و نیو لە خانەقای مەحوی لە باشووری کوردستان دەخوێنێ و پاشان دەگەڕێتەوە موکریان و لای مامۆستایانی بنەماڵەی تورجانی زادە "قزڵجی" لە بۆکان درێژە بە خوێندن دەدات. لە تەمەنی ۲٦ ساڵیدا لەگەڵ ئامینە خانمی کچی مەلا ڕەزای بانەیی زەماوەند دەکات و پاشی ۳۸ ساڵ ژیانی هاوبەش، خێزانی ساڵی ۱۳۱۸ی هەتاوی کۆچی دوایی دەکات و مەلا مارف ژن ناهێنێتەوە. مەلا مارف چوار کوڕ و دوو کچی بە ناوەکانی "عەلی، مەعسوومە، عەبدوڵڵا، محەممەد، توویا و ئەحمەد" بووە. کوژران کوڕە گەورەکەی بە ناوی عەلی دەبێتە سەرەتای دەربەدەری و غەم و پەژارەی شاعیری هەستیار و لە ئاکامدا بە نابینایی سەر دەنێتەوە. مەلا مارف بە چوار زمانی "کوردی، فارسی، عەرەبی و ترکی" شێعری هۆنیوەتەوە، ناسناوی شێعری "مارف/مەعرووف"، "کاکی کۆکی" و "کۆکەیی" بووە. (سەمەدی/ دیوانی مەلا مارف ـ ۲۰۱۲ ـ ۲٤)

زمانی شێعری مەلا مارف سادە و ڕەوانە بەڵام وەک تیغی بڕندە بێ پەروایانە دەدوێ. شێعرەکانی لە سەر دڵ دەنیشن و بە دەکار کردنی مەفاهیمی نوێ زانیاری دەدات بە خوێنەر ناڕاستەوخۆ بە زمانێکی تەنز ڕەخنە دەگرێ.

مەلا مارف بە شاعیرێکی زانا و ئاگادار لە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی ناسراوە، بە چەشنێک کە وەک شرۆڤەکارێک و بە زمانی شێعر لە سەر ڕووداوە جیهانی و ناوچەییەکان دەدوێ و زانیاری دەدات بە خوێنەر.

ئەم کەسایەتییە سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممۆ ٦ی خەرمانانی ۱۳۲٤ی هەتاوی لە گەڕەکی مزگەوتی سووری مەهاباد چاوی بۆ هەمیشە لێکنا و لە گۆڕستانی مەلاجامی مەهاباد نێژرا. (هەمان ـ ۲۰۱۲ ـ ۳۹)

شێکاری تەنز لە شێعری مەلا مارف

### ● لۆمەی شێخ و خەلیفە

لە چەند شێعری مەلا مارف کۆکەییدا شاعیر بە تووندی ڕەخنە لە شێخ، خەلیفە و کەسایەتی ئایینی ڕیاکار و ناڕاست لەگەڵ خەڵک دەگرێ و بە زمانێکی پاراو و شاعیرانە گاڵتەتان پێدەکا و دەستیان ڕوو دەکات.

لە شێعری "جەنابی سەیدی نوورانی"دا بە تووندی ڕەخنە لە خەلیفە عوبەیدیللای ئیندرقاش دەگرێ:

**لە حەیفی ئەو خەلیفەی توورەکەی سەر پڕ لە سندانە**
**کە کەس نازانێ غوولە یا لە فیرقەی جیننە یا ئینسی**
**لە ژێر کورسی هەتا ڕۆژ ئەحمەقە دەخوات و لێی دەنوێ**
**کە ڕۆژ بۆوە دەڵێ ئەوشۆکە چوومە عەرش و تا کورسی**

مەلا مارف تیری تانەش لە شێخ دەگرێ کە بەرپرسایەتی لە سەر شانی ئەوە:

**جەنابی کاکە نوورانی**
**دەبێ تۆ بۆچی ڕازی بی**
**بڵێ بەو قەومە بێئەقڵە**
**بڵێ بەو ئەهلە نادانە**
**بە ئەم ئەوزاعە، گەر چاکی ئەگەر پیری ئەگەر شەخسی**
**هەتا کەی دەبنە یەخسیر و نەچیری تیری بێ قەوسی**

یان لە شێعری "شاهیدی شەرعی"دا گاڵتە بە شاهیدی مامۆستای تێر و پڕ دەکا:

**تا سمێڵ و لێوی مامۆستا بریقەی بێ بە ڕۆن**
**شافیعی کوانێ قەبووڵە شاهیدی خۆی و وەکیع** ●

### ڕەخنە لە کۆنەپەرستی

مەلا مارف لە پارچە شێعری "بێژن بە ئاغای خەلیفەزادە"دا وڵامی مەلا عەبدولقادری خەلیفە زادە دەداتەوە و هەم شێعرەکەی و هەر بڕیارەکەی لە سەر تاشینی ڕیش بە فشە دەگرێ.

مەلا مارف تێنگەیشتوویی و نەخوێندەواری خەڵک، بێ هەڵوێستی شێخی زانا و بێ ئیدراکی عالم لە قاو دەدات و زەردە خەنە دەخاتە سەر لێوی خوێنەر و بە تەنزێکی تاڵ بەردەنگ ناچار بە بیر کردنەوە و تێفکرین دەکات.

**ئەو جار بەسەر چوو، ئیتر خۆت مەکە**
**ئازاد کردنی ڕدێن مەندووبە**
**تۆ ئیشت چییە بە ڕیشی فەقیر**
**بەینولئودەبا، سەخرە و مەزحەکە**
**حوسن و زینەتە، فرە مەحبووبە**
**تەنقیدی دەکەی بێفکر و تەدبیر**

هەروەها لە شێعری سۆفی وەرە بوێری شاعیر بەرامبەر بە تەزویر و ڕیا و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک لە لایەن سۆفییەوە بەرچاوترە و سەرەڕای ئەوە کە دوژمنایەتی ناکات بەڵام لە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا تیری توانج لە دڵ مردووی و بیری چەقبەستووانە دەگرێ.

**بەم ڕیشە هەتا کەی دەبڕی ڕیشەیی عومرت**
**تێفکرە تەماشاکە لە کووچە و لە خیابان**
**پۆل پۆل سەفی مەحبووبە لە گوڵزار و چەمەندا**
**ئەم ڕیشە مەگەر تیشەیە یا شەققەمشارە**
**سۆزی نەیە نەشئەی مەیە ئاوازەیی تارە**
**تۆ دێوی مەگەر مەنزڵی تۆ هەر لە مەغارە**

مەلا مارف ڕەچەشکێنی دەکات، چوون ئەو زمانەی بەرامبەر بە شێخ و سۆفی، ئاغا، زانا و شاعیر بە کاری دێنێت بوێرانەیە. ئەو ناحەزییەکان بە گاڵتە دەگرێ و بە تووندی ڕەخنە لە بێ ئاگایی و لاسایی کردنەوەی کوێرانە بە دوور لە بیر کردنەوە دەگرێ. زمانی تەنزی مەلا مارف پاراوە، ئەوەش بەرهەم هاتووی سەردەمی دیکتاتۆرییەتە. وەک دەڵێن تەنز خاوەن ڕابردوویەکە بە درێژایی تەمەنی زوڵم و زۆرداری و سەرەڕۆیی.

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:708 6 Sep 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی کوردستان لەبارەی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات



**ڕۆژنامەی کوردستان** بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکاتەوە و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی خەرمانانی ٩٦ی هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

هیمایەک لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا:

دەسبەسەر کردن: دەسبەسەر کردنی سێ لاوی کورد خەڵکی شاری تیکاب بە ناوەکانی "بێهزاد برادەران، حامید سەبزی و سامان سەبزی" لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارە.

هەر لەوپەیوەندییەدا، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو، دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێران چالاکێکی کوردی خەڵکی خۆراسانیان بە تۆمەتی نووسینی بابەتێک بە دوو ساڵ زیندان مەحکووم کرد.

**کۆڵبەران:** لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامیی و ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێران ٦ کۆڵبەری کورد پێکران و نزیکەی ٤٢ کۆڵبەریش لەو ماوەیەدا دەستبەر کراون.

هەر لەو پەیوەندییەدا، لە ئەنجامی شەڕ و تێکەڵچوونی هێزە نیزامییەکان لەگەڵ کۆڵبەرانی کورد، دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی "واحید و سۆزان بێورانی" بریندار بوون.

**کرێکاران:** لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا، ٨ کرێکار لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات تووشی ڕووداوی کار بوون و لە کۆی ئەو ڕێژەیە سێ ژنە کرێکار و منداڵێک لە کاتی تەقینەوەی گاز تووشی ڕووداوی کار بوون.

**خۆکوشتن و خوسووتاندن:** لەو ماوەیەدا، پیاوێکی بە ساڵاچووی خەڵکی گوندی شمشێر سەر بە شاری پاوە بە چەکی کلاشینکۆف و کچێکی لاو تەمەن ١٨ ساڵ بە ناوی "دڵسۆز سەلیمی" لە ڕێگای خۆهەڵواسین، دوو کچی تەمەن ١٥ ساڵ خەڵکی شاری مەلەک شاهی پارێزگای ئیلام بە هۆی خۆهەڵدانە خوارەوە لە یەکێک لە شاخەکانی ئەو شارە کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە.

هەروەها ڕۆژی ١٠ی گەلاوێژ، ژنێکی کورد خەڵکی شاری جوانڕۆ بە ناوی "گەلاوێژ وەیسی" خێزاندار و دایکی دوو منداڵ بە هۆی خۆسووتاندنی پاش سێ ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست دا.

**ئێعدام کردن:** بەرپرسانی دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لەو ماوەیەدا، هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری سنەیان لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج بە ناوی "سەید جەمال مووسەوی" لە سێدارە دا.

ئەو ئامارە ڕێژەییە و بەپشت بەستن بە ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی کوردپا بڵاو دەکرێتەوە، بە سەرنجدان بە دۆخی ئەمنیەتیی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و نەبوونی میدیای ئازاد بۆ رووماڵ کردنی هەواڵەکان، دەکرێ ئاماری ڕاستەقینە لەو ڕێژەیەش زیاتر بێت.

# RMMK: لە بەیاننامەیەکدا داوای لە حکوومەتی ئێران کردووە دەست لە کوشتنی کۆڵبەران هەڵگرن

ئاژانسی کوردپا: شۆرای بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا، داوای ڕاگرتنی کوشتنی کۆڵبەرانیان کردووە.

شۆرای بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی داکۆکیی لە مافی مرۆڤی کوردستان، لە پەیوەندیی لەگەڵ کوشتن و بریندار بوونی کۆڵبەرانی کورد لە لایەن هێزە نیزامیی و ئینتزامییەکان و هەنگی سنووری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە.

دەقی ئەو بەیاننامەیە بەم چەشنەیە:

هێرش بۆ سەر کۆڵبەران و کوشتنی ئەوان و دەستبەسەر گرتنی بەشێکی کەمی شتومەکی ئەو توێژە زەحمەتکێشە لە کوردستان،لە سەرەتای چالاکییەکانی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان و لە ماوەی سێزدە ساڵی ڕابردوودا، بەبێ ڕاوەستان وەکوو پرسێکی چارەسەرنەکراوو پێشێلکراوی مافی مرۆڤ بەردەوامی هەبووە، لەو پەیوەندییەدا ئەگەرچی بەدواچوونە بەردەوامەکانی محەممەد سدیق کەبوودوەند"باوکی مافی مرۆڤی کوردستان" و هەوڵەکانی ئەو ڕێکخراوە بۆ باس کردنی دۆخی نالەباری کۆڵبەران و ئاگادار کردنەوەی ویژدانە نووستووەکان لە بارودۆخی نالەبار و کێشەکان و بێ مافی ئەو توێژە زەحمەتکێشە گیان لەسەر دەستە، بە میدیایی کردنی ئەو پرسە یارمەتی داوە، بەڵام هیچ یەک لەو هەوڵانە هەتا ئێستا نەیاتوانیووە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕەنج وکێشەکانی کۆڵبەران.

لە تەواوی ئەم ساڵانەدا سەرەڕای بەڵێنەکانی دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی و بەدواچوونی بارودۆخی کۆڵبەران، ئەم توێژە لە خەڵکی زەحمەتکێشی کورد ئەمڕۆ هەروەها بێ بەرهەم لە ئەمنییەتی گیانی و دابین کردنی بژیوی ژیانیان و هەر ڕۆژ و هەر حەوتوو ژمارەیەک لە کۆڵبەران دەکرێنە ئامانجی تەقەی هێزە نیزامی و ئینتزامییەکانی سنووریی و ناوچەیی و گیانی خۆیان لە دەست دەدەن.

بەپێی زانیارییەکان، تەنیا لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا زیاتر لە ١٥ کۆڵبەر کوژراون و زیاتر لە ٣٠ کۆڵبەر بریندار یان کەمئەندام بوون کە کوشتنی لاوێکی وەک"وەحید دەوڵەتخا جنیکانلوو" و کەمئەندامبوونی لاوێکی وەک "عەزیز ئەمینپوور" لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، بە تایبەت حاڵەتە نوێیەکانی ئەم تراژێدیە بێ کۆتاییەیە.

شۆرای بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، وێڕای دەربڕینی هاوخەمی خۆیان لە تراژێدی کوشتنی کۆڵبەران، داوای ڕاگرتنی دەستبەجێی ڕەوتی کوشتن و بریندار کردنی ئەو توێژە ڕەنجدەرە دەکەن و بە پێداگری لە بەرپرسایەتی دەوڵەتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە هەمبەر ئەو پرسە، داوا لە دەوڵەت دەکات بە شێوەی جیددی و بە زووترین کات ڕەوتی هەڵسووکەوتی نیزامی و کوشتن و قوربانی بوونی کۆڵبەرە خەساردیتووەکانی کوردستان کۆتایی پێ بێنن. ئەم ڕێکخراوەیە هەروەها داوا لە دەوڵەتی ئێران دەکات، بەبێ هێچ چەشنە هەڵاواردنێک بۆ کۆتایی هێنانی هەژاری و لابردنی کێشە بێکاری لە ناوچەکانی کوردستان و دابین کردنی کار و پێشە وئەمنیەتی گیانی و شوغلی هاووڵاتییان بە تایبەتی هاووڵاتییانی کۆمەڵگای کوردی"ڕۆژهەڵات" دەست بە کار ببێت.

٧ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی/ ٢٠ی ئاگوستی ٢٠١٧

شۆرای بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان